# گوڵان

# دەنگدان بە کاندیدانی پارتی شکۆیە بۆ کوردستانێکی بەهێز




الدستور
لە هەر دەستکەوتێکی سیاسی و
نەتەوەیی و دەستووریدا،
پارتی ئەندازیاری سەرەکی بووە.
بۆ داهاتوویکی
باشترو
ولاتێکی نارام و
خۆشگوزەران،
پارتێکی بەهێز
هەڵبژێرە...




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

## لە پێناو داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان دەنگ بە کاندیدانی پارتی دەدەین

## لە پێناو بەرگریکردن لە توێژی لاوان، دەنگمان بە کاندیدانی پارتییە

## لە پێناو تەندروستییەکی باش و پاراستنی کۆمەڵگە لە پەتای کۆرۆنا، دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن

## لە پێناو جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەنگ بدە بە کاندیدانی پارتی

## لە پێناو قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی ناوچەکانی ماددەی ١٤٠، دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن

## لە پێناو دۆزینەوە و گەڕاندنەوەی ڕوفاتی ئەنفالکراوان و قەرەبووکردنەوەی کەسوکاریان، دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن

## لە پێناو کوردستانێکی بەهێز و یەکگرتوودا دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن



## مسعود بارزانی:

٩٣٪ـی دەنگی بەڵێی خەڵکی کوردستان لە ڕیفراندۆمدا سەرکەوتنێکی مەزن و مێژوویی بوو. لەساڵیادی ئەو سەرکەوتنەدا پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان و، دەستخۆشی لەو قارەمانانە دەکەم کە خۆیان نەچەماند و چاویان ماچ دەکەم.

٢٥ی ئەیلوولی ٢٠٢١



سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ ئێزگەی دەنگی كوردستان ١٩٨٦



# ئێزگەی دەنگی کوردستان.. مێژوو.. بەردەوامی



عەبدولڕەزاق عەلی
بەڕێوەبەری ئێزگەی دەنگی کوردستان
بۆ گوڵان نووسیویەتی

ڕۆژی ٢٨ی ئەیلوولی ٢٠٢١، پەنجاوهەشتەمین ساڵیادی دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستانە، کە لەسەر دەستی ڕابەری نەتەوەیی مستەفا بارزانی-ی نەمر و لە سێیەمین ساڵەی شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا دامەزرا.

دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستان، وەرچەرخانێکی مێژووییە لە دونیابینیی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و، لە شێواز و کاروانی خەباتی گەلی کوردستان و هەوڵە بەردەوامەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، لە پێناو گەیاندنی پەیام و داوا ڕەواکانی بۆ هەموو لایەك، هەڵبەت نەك هەر لە ڕووی سیاسییەوە، بەڵکو لە ڕووی میدیایی و ڕۆژنامەوانییشەوە بە هەمان شێوە بوو، دامەزراندنی ئێزگەیەکی ڕادیۆیی








هەڤاڵ ئازاد بەرواری لەگەڵ کارمەندانی دەنگی کوردستاندا




تــا هەواڵەکانــی شــۆڕش و پێشــمەرگە بــۆ گەلــی کوردســتان و دەوروبــەر بگوازێتــەوە، پێشڤەچوونێکی چۆنایەتی و جۆرایەتیی گەورە بـوو، بەتایبەتـی بـۆ ئـەو ڕۆژگار و بارودۆخـەی تێیــدا دامــەزرا.

## گرینگیی ئێزگەی دەنگی کوردستان

ئێزگــەی دەنگــی کوردســتان، هــەر بــە تەنیــا لــە لایەنــە مێژووییەکەیــەوە نییــە، بەڵکــو بەردەوامیــی ئــەم ئێزگەیــە، دیوێکــی دیکــەی پرشــنگدارە، ئاخــر بەردەوامــی بــۆ مــاوەی پەنجـا و ئەوەنـدە سـاڵە، سـەرباری ئـەو هەمـوو ئاسـتەنگ و سـەختییانە و، ئـەو هەورازونشـێوە، هونـەر و کارامەییەکـە کـە ڕەگەکـەی وا لـەو پشــوودرێژییەدا کــە بارزانــی-ی نەمــر و ڕێبازەکـەی پـێ دەناسرێتەوە. کاتێـك گـوێ لـەو تێکۆشـەرانە دەگریـن کـە لـە دامەزراندنـی ئـەم ئێزگەیـەدا ماندوو بـوون و، کاریان تێدا کردووە و، لـە بەردەوامییەکەیدا نەخشیان هەیـە، کـە لـە بـن بۆردوومانـی فڕۆکـە و تۆپخانـەی داگیرکەرانـدا، کـۆڵ بـە کـۆڵ، ئەشـکەوت بـە ئەشـکەوت، لـەم چیـا بـۆ ئـەو چیـا، کەرەسـتەکانی ئێزگەیـان گواسـتووەتەوە، مـرۆڤ غەیـری سەرسـامبوون و دەسـت لەسـنگدان بـۆ ئـەو تێکۆشـان و خەباتـە مەردانەیــە، ئیختیارێکــی دیکــەی نییــە.

لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو بـار و زرووفـەی ئێزگـەی دەنگی کوردستانی پێدا تێپەڕیوە و، ئـەو قۆناغـە جیاجیایانـەی بڕیونـی، بـەراورد بـە ئەمـڕۆ، لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە ئاسـمان و ڕێسمانە، بـەڵام هـەر بۆخۆی کارکردن لە ئێزگـەی دەنگی کوردستان و بەشــداربوون لــە دەســتباری بەدەوامبوونیــدا و، ناوهێنانمــان لــە تــەك ئــەو شــەهید و کەڵــە تێکۆشــەر و ئــەو ڕۆشــنبیر و نووســەرە گەورانــەی مێژووی ئێزگەیان ڕەنگڕێژ کردووە، بـۆ ئێمـەی کارمەندانــی ئەمــڕۆ، شــانازییەکی گەورەیــە.

ئێزگـەی دەنگـی کوردستان کە لـە بارودۆخێکی زۆر ســەختدا بــە کەرەســتەی زۆر ســەرەتایی، بـەڵام بە ماندووبوونێکی دڵسـۆزانە و هیممـەت و حەماسـەتێکی شۆڕشـگێڕانەوە دامـەزرا، ئەمـڕۆ بـە پاڵپشـتیی سـەرۆك بارزانـی و سـەرکردایەتیی پارتیمــان و دەزگای ڕۆشــنبیری و ڕاگەیانــدن، بــە پەیــام و کەرەســتە و تەکنەلۆجیایەکــی سـەردەمیانە، کـە لەگـەڵ گۆڕانکارییـە سیاسـی و کۆمەڵایەتــی و کولتوورییەکانــی ئەمــڕۆدا بگونجێـت، بەردەوامـە، بەردەوامیـی هـەر دەزگا و پڕۆژەیەکیــش لــە وڵاتێکــی وەك کوردســتاندا، هونــەرە، هونەرێکــی بــاڵا.

لــە ڕۆژی داگیرســاندنی پەنجاونۆیەمیــن مۆمــی تەمەنــی ئێزگــەی دەنگــی کوردســتاندا، پەیمانــی وەفــا بــۆ ســەرکردەی نەتەوەکەمــان، بارزانــی-ی نەمــر دووپــات دەکەینــەوە.

سـڵاو لـە گیانـی پاکـی ئـەو شـەهیدانەی لـە کاتـی کارکردنـدا گیانـی خۆیـان پێشـکەش بـە پاراسـتن و مانـەوە و بەردەوامیـی ئێزگـە کـردووە.

سـڵاو بـۆ هەمـوو ئـەو تێکۆشـەر و ڕۆشـنبیر و نووسـەر و ڕۆژنامەوانـە ئازایانـەی، ڕۆژێـك لـەم تـەلاری سـەروەرییەی بزاڤـی ڕزگاریخوازیـی کوردسـتاندا خشـتێکیان لەسـەر خشـتێك دانـاوە.

بــە متمانــە و پشــتیوانیی هەمــوو لایەکیــش، ئێزگــەی دەنگــی کوردســتان، ئیزاعەکــە، هــەر بــەردەوام دەبێــت...

# راستگۆیی و بەرپرسیارێتیی پارتی سەرکەوتنێکی مێژوویی لەم هەڵبژاردنە تۆمار دەکات



**ئەڤین هروری**
ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان
**بۆ گوڵان نووسیویەتی**

هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هەڵبژاردنیکی چارەنووسسازە، جیا لەوەی دەوڵەتی ئیستای عێراق دەوڵەتیکی ناسەقامگیرە لە ڕووی ئاسایش و حوکمڕانییەوە، لە هەمانکاتدا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بە وەرچەرخانێکی مێژووییدا تێدەپەڕێت، ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە عێراق وەك دەوڵەت ڕاست نەکاتەوە، ئەوا بارودۆخێکی زۆر ناجۆر و سەخت بۆ عێراق دێتە ئاراوە. هەرێمی کوردستانیش کە بەشێکە لەم دەوڵەتە، لە سایەی لۆژیك و سیاسەتی سەرۆك بارزانی تا ڕاددەیەکی زۆر وەك قەوارەیەکی سیاسیی سەقامگیر، خۆی لەو پاشاگەردانییەی بەغدا پاراستووە و، بەشداریشمان لەم هەڵبژاردنە بۆ ئەوەیە، بە دەستێکی بەهێزەوە بەشداری لە دووبارە بونیادنانەوەی عێراقدا بکەینەوە و، سەرلەنوێ پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەل ناوەند لە چوارچێوەی دەستووری عێراق ڕێك بخەینەوە و، دەستووری عێراقیش وەك سەقفەیەك بکەوێتە واری جێبەجێکردن، بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوورەکە و، چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

ئەرکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ چەسپاندن و جێبەجێکردنی مافە دەستوورییەکانی گەل و، پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، ئەرکێکی هێجگار سەختە و، مێژووی خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستانیش شاهێدی ئەو ڕاستییەیە کە هەردەم پارتی دیموکراتی کوردستان پارێزەر و قەڵغانی کوردستان بووە و، تەنیا هێزە کە لە بەرامبەر دوژمنانی کوردستاندا، قارەمانانە ڕاوەستاوە و خۆی نەچەماندووە، لە مەیدانی خەباتی سیاسی و دیپلۆماتیشدا، ئەوە هەر پارتی دیموکراتی کوردستانە کە لە ناوەندە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا و لە میانەی حکومەت و پەرلەمانی کوردستانەوە، نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی ئیرادەی گەلی کوردستانی کردووە، هەر بۆیە ئەم ئەرکە قورسانە پێویستی بەوەیە کە ئیرادەیەکی بەهێزی لە پشتەوە بێت، کە ئەویش متمانەی خەڵکی کوردستانە بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان و، چەندە پارتی شکۆ و هێزی لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا گەورە بێت، هێندە چارەنووس و ئایندەی گەلی کوردستان لەدەستێکی ئەمیندا دەبێت.

**ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە عێراق وەک دەوڵەت ڕاست نەکاتەوە، ئەوا بارودۆخێکی زۆر ناجۆر و سەخت بۆ عێراق دێتە ئاراوە**

پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو کات دوای پشتیوانیی خودا و چیا سەرکەشەکانی کوردستان، بڕوا و متمانەی بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان هەبووە و، پێداگری ئەوە بووە کە تا ئیرادەی خەڵکی کوردستان زیندوو بێت، هیچ داگیرکارێك ناتوانێت خەونەکانی خۆی لەسەر خاکی پیرۆزی کوردستان بەدی بهێنێت، ئەمەش چۆن لە ڕیفراندۆمی ئەیلوولی ٢٠١٧ ئیرادەی خەڵکی کوردستانی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی پیشانی جیهان دا، بە هەمان شێوە دوای پیلانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ ش، جارێکی دیکە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی سەرۆك بارزانی بۆ جیهانی سەلماندەوە، کە شەڕکردن لەگەڵ ئیرادەی خەڵکی کوردستان سەردانە لە تاشەبەردی چیا سەرکەشەکانی کوردستان، ئەم داکۆکیکردن و بەرگریکردنەی پارتی دیموکراتی کوردستان، جارێکی دیکە بێجگە لەوەی هیوا و ئومێدی بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بونیاد نایەوە، لە هەمانکاتدا خەڵکی کوردستانیش لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ متمانەیەکی گەورەیان بە پارتی دا و، کردیانە پارتی یەکەم لە سەر ئاستی تەواوی عێراق.

گەڕانەوە بۆ مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە دەنگی بەرز ئەوەمان پێ دەڵێت، کە پارتەکەمان هەرگیز دروشمی بێ بنەمای بەرز نەکردووەتەوە و، ئەو بەڵێنەی بە خەڵکی کوردستانی دابێت، وەك خۆی جێبەجێی کردووە، بۆیە هەموو کات پارتی و جەماوەری کوردستان دوو جمك بوون، هەرگیز لێك جیا نەبوونەوە و، ئەندام و لایەنگران و جەماوەری پارتی دیموکراتی کوردستانیش، پشتئەستوور بەم متمانە گەورەیەی جەماوەری کوردستان، لە ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبەری داهاتوو پێشمەرگە ئاسا دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و، دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەن.

لە دوماهیی ئەم پەیڤە کورتەمدا، پێش ئەوەی ڕوو بکەمە ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە سەربەرزییەوە ڕوو دەکەمە تەواوی خەڵکی کوردستان، بە جیاوازیی ئایین و نەتەوە و بیروباوەڕی سیاسییەوە و پێیان دەڵێم: ڕاستە لە ڕۆژە سەختەکاندا بەشی شێری قوربانیدان بەر پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتووە، بەڵام بەرهەمی ئەم سەرکەوتن و قوربانیدانەش بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان بووە و، لە پێناوی پاراستنی شکۆی خاك و کەرامەتی تەواوی خەڵکی کوردستان بووە، بۆیە داوای ئێمە ئەوەیە، لەسەر سندوقەکانی دەنگدان دەست بخەنە سەر ویژدانی خۆتان و، دەنگ بەو کاندیدانە بدەن کە پارتەکەیان لە پێناوی شکۆی کوردستان سڵی لە قوربانیدان نەکردووەتەوە، ئەندام و لایەنگر و جەماوەری پارتی دیموکراتی کوردستان جیا لەوەی ئەرکی سەرشانیانە خۆیان بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان، لە هەمانکاتدا، ئەرکی خۆشیانە هاریکاریی تەواوی خەڵکی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی بەشی هەرە زۆریان بچنە دەنگدان وخۆیان لەو مافە بێبەش نەکەن.

سڵاو بۆ شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، سڵاو بۆ ئەو پیشمەرگە قارەمانانەی لە پێناوی شکۆ و پاراستنی هەرێمی کوردستاندا خۆیان نەچەماند و، ڕێگەیان نەدا داگیرکەران خەونەکانیان بهێننە دی.

**هەرێمی کوردستانیش کە بەشێکە لەم دەوڵەتە، لە سایەی لۆژیک و سیاسەتی سەرۆک بارزانی تا ڕاددەیەکی زۆر وەک قەوارەیەکی سیاسیی سەقامگیر، خۆی لەو پاشاگەردانییەی بەغدا پاراستووە**




**گەڕانەوە بۆ مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە دەنگی بەرز ئەوەمان پێ دەڵێت، کە پارتەکەمان هەرگیز دروشمی بێ بنەمای بەرز نەکردووەتەوە**



ئەکرەم ساڵح

بەرپرسی لقی ٢٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# پارتی ئامادەکاریی باشی کردووە بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی گەورەتر بەدەست بهێنێت



ئاشکرایه کە هەڵبژاردنە پەرلەمانییە چاوەڕوانکراوەکەی عێراق، گرنگی و بایەخی خۆی هەیە بۆ ئایندەی ئەم وڵاتە و، بۆ دووبارە دارِشتنەوەی نەخشە سیاسییەکەی، هێزەکانی هەرێمی کوردستانیش لە کێبڕکێدان بۆ ئەوەی سەنگ و قورسایی خۆیان لەم هەڵبژاردنەدا بچەسپێنن، لە هەمووشیان دیارتر و بەرچاوتر پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی پێشوودا توانی براوەی هەرە سەرەکی بێت و، ببێتە حزبی ژمارە یەك و زۆرترین کورسیی نێو پەرلەمان مسۆگەر بکات، ئەمجارەش پارتی بە بەرنامەیەکی تۆکمە و بە گەرموگوڕیی و جدییەتێکی بەرچاوەوە، بەشدارە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، لەم ڕووەوە ئەکرەم ساڵح بەرپرسی لقی ٢٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕێی گۆڤاری گوڵانەوە بەم شێوەیە پەیامی خۆی گەیاند:

**خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە لەدوای هەڵبژاردنەکانیش هەر هەوڵی یەکڕیزی و تەبایی نێوماڵی کورد دەدەین**

ئاشکرایە کە پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە سەروەرییە و، لە ژیانی سیاسیی خۆیدا هەوراز و نشێوی زۆری تێپەڕاندووە و، ئامانجی خۆی لە بەدیهێنانی ئاسوودەیی و ئازادی بۆ خەڵکدا چڕکردووەتەوە، بە چەشنێك کە لە هەر قۆناغێکدا پارتی بەهێز بووبێت، مرۆڤی کورد هەستی بە ئارامییەکی زیاتر کردووە و، خەڵکی کوردستان هەستیان بە ئیرادەیەکی بەهێز کردووە، چونکە پارتی هەمیشە لە سەنگەری میللەتدا بووە و، لە سەنگەری بەرگریکردنی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خەڵکی کوردستاندا بووە. ئەوەی پەیوەست بێت بە هەڵبژاردنە پەرلەمانییە چاوەڕوانکراوەکەی



عێراقەوە، ئەوا پارتی ئامادەکاریی باشی کردووە بۆ ئەوەی سەرکەوتنی گەورەتر بەدەست بێنێت و، بڕوا و متمانەی بە خەڵکی کوردستانیش هەیە کە پشتیوانییەکی گەورەی دەکەن، چونکە لە چوار خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا هەمیشە پەرلەمانتارانی پارتی داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان بوون. هەر بۆیە بۆ خەڵکی کوردستان گرنگە کە پشتیوانیی ئەو هێزە بکات کە دەتوانێت نوێنەرایەتیی خواستەکانی بکات، لەم ڕوانگەیەوە پێموایە لەم هەڵبژاردنە و لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووشدا، لە بەرگریکردن لە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خەڵکی کوردستان و لە هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، هیچ هێزێك ناتوانێت ببێتە بەدیلی پارتی دیموکراتی

**دەنگدان بە پارتی دەنگدانە بە سەروەری و پاراستنی کوردستان و مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان**

کوردستان، بۆیە ئێمە داوا لە خەڵکی کوردستان بەگشتی دەکەین، متمانە بە کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن، هەروەها داوا لە خەڵکی گەرمیان دەکەین کە متمانە بە کاندیدی پارتی بکەن کە هەڤاڵ (شوان محەمەد ڕۆستم)ـە کاندیدی ژمارە ٢٤ کە کادیرێکی گەنج و خاوەن بڕوانامە و قوربانیدەرە و، لە خانەوادەیەکە کە زۆربەی کەسوکاری بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون، هەروەها کەسێکی چالاکی بواری سیاسی و مەدەنییە و، ئێمە هیوایەکی بەرزمان پێی هەیە، کە سەربکەوێت و لە چوارچێوەی بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، خزمەتێکی باش بە خەڵکی کوردستان بە گشتی و، سنووری گەرمیان بەتایبەت بکات. سەبارەت بە قۆناغی دوای هەڵبژاردنیش، ئەوا ئێمە بەشدار دەبین لەو حکوومەتەی کە لە عێراقدا پێك دەهێندرێت، بەشداربوونەکەشمان لەسەر بنەمای پابەندبوون و جێبەجێکردنی دەستوور دەبێت و، بە گوێرەی پرەنسیپی هاوبەشی و هاوسەنگی و سازان دەبێت، لەم ڕووەوە خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە لە دوای هەڵبژاردنەکانیش، هەر هەوڵی یەکڕیزی و تەبایی نێوماڵی کورد دەدەین، ئەمە هەنگاوی یەکەممان دەبێت، هەنگاوی دووەمیان ئەوەیە ببینەوە بە داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی گەلی کوردستان، بەتایبەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، لە نێویاندا جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠کە بابەتێکی گرنگ و ستراتیژییە، تا بارودۆخی ئەو ناوچانە ئاسایی بکرێتەوە و ناوچە کوردستانییەکان بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمەش تەنیا بانگەشە نییە، بەڵکو ئێمە دەزانین کە پارتی دیموکراتی کوردستان و بەتایبەتی جەنابی سەرۆك بارزانی ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە، لە سەرکردایەتیکردن و ڕێبەرایەتیکردنی ئەو هەوڵ و هەنگاوەکانە، بە ئاراستەی پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و پێداگری لەسەر بەدیهێنان و پاراستنی مافەکانی هەرێمی کوردستان، هەر بۆیە دەنگدان بە پارتی دەنگدانە بە سەروەری و پاراستنی کوردستان و مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، بەهێزبوونی پارتی واتە بەهێزبوونی ئەو پارتەی پێشەنگە لە داکۆکیکردن و بەدیهێنانی مافەکانمان.



## عەبدولخالق بابیری

**بەرپرسی لقی ٢٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:**

# هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی پارتی زامنی سەرکەوتنیەتی لە هەڵبژاردنەکاندا

پارتی دیموکراتی کوردستان لە سۆنگەی باوەڕی پتەوییەوە، بەوەی هەڵبژاردنەکان ڕێگەی ڕاست و دروست و ئاشتییانەن بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری، هەمیشە بەشداریی کارا و چالاکی هەبووە لە هەڵبژاردنەکاندا و، ئەنجامی گەورە و سەرکەوتنی بەرچاویشی بەدەست هێناوە، بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییە چاوەڕوانکراوەکەی عێراقیش، پارتی بە پەرۆشی و گەرموگوڕییەوە دەستی داوەتە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و، چاوی لە سەرکەوتنی گەورەیە، لەم ڕووەوە عەبدولخالق بابیری بەرپرسی لقی ٢٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەیامێکدا لە ڕێی گۆڤاری گوڵانەوە، بەم شێوەیە تێڕوانینەکانی خۆی لەبارەی هەڵبژاردنەکانەوە خستەڕوو:



**پارتی ئەو حزبەیە کە ئامانجی ستراتیژیی هەیە و، هەڵگری پڕۆژەی نەتەوەییە و خاوەن سەرکردایەتییەکی بەهێز و داکۆکیکارە لە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان**

پارتی دیموکراتی کوردستان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەم حزب هەیە وەك پارتی، کە تەمەنی لە ٧٠ساڵ پتر بێت و توانیبێتی درێژە بە بوون و مانەوەی خۆی بدات، ئەگەر مابێتیش ئەوە بووەتە حزبێکی زۆر بچووك، بەڵام پارتی تاکە حزبە لە ناوچەکەدا کە بە بەهێزی ماوەتەوە و، بنکەیەکی جەماوەریی بەرفراوانیشی هەیە، چونکە پارتی ئەو حزبەیە کە ئامانجی ستراتیژیی هەیە و، هەڵگری پڕۆژەی نەتەوەییە و خاوەن سەرکردایەتییەکی بەهێز و داکۆکیکارە لە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، لەم ڕوانگەیەشەوە پشت ئەستوورە بە جەماوەرەکەی و بە گەلی کوردستان بە گشتی. ئەوەی پەیوەست بێت بە هەڵبژاردنەوە ئەوا دەبێت سەرەتا ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین، کە ئەوە سەرۆك بارزانی بوو جەختی لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن کردەوە، وەك ئامرازێك بۆ هێنانەئارای گۆڕانکاریی ئاشتییانە لە کۆمەڵگەدا و، پارتییش لەبەر هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی هەمیشە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، کە سەرەڕای ئەو هەموو دژایەتییانەی لە چەندین لاوە و لەلایان نەیار و داگیرکەرانەوە دەرهەق بە پارتی دیموکراتی کوردستان کرا، ئەوا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨دا توانی ببێتە حزبی ژمارە یەك لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و، نزیکەی هێندەی هەموو لایەن و حزبەکانی دیکەی کوردستان کورسیی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەدەست هێنا، لەم هەڵبژاردنەشدا وەك هەمیشە پارتی خاوەنی هەمان بیر و پەیامە و، هەڵگری پڕۆژەی گرنگە بۆ گەلی کوردستان، ئەویش بەرگریکردن و پاراستنی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستانە، هەر بۆیە ئێمە باوەڕمان وایە کە جەماوەر و خەڵکی




کوردستان لەم هەڵبژاردنەشدا، بەپێویستی دەزانن پارتی وەك هێزی پێشەنگ بچێتەوە بەغدا، تاوەکو کار و کۆشش بکات بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەوا و دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان و، هەنگاوهەڵگرتن بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا.

کەواتە ئەم هەڵبژاردنە بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە و، ئومێدمان وایە خەڵکی کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر و بە ئاستێکی بەرز بەشداریی هەڵبژاردن بکەن و، دەنگ بەو لایەن و حزبە بدەن کە داکۆکیکار و پارێزەری مافە نەتەوەیی و دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستانە، کە پارتی دیموکراتی کوردستانە. لەلایەکی دیکەوە بەهێزبوونی پارتی لە بەغدا بۆ ئەوەیە حکومەتی عێراقی فیدراڵ لەسەر بنەماکانی تەوازن و تەوافق و هاوبەشیی ڕاستەقینە پێك بهێنرێت، هەروەها ئەگەر پارتی لە بەغدا بەهێز بێت، کار بۆ ئەوە دەکات هەرگیز حوکمڕانێتییەکی دیکتاتوری لە بەغدا دروست نەبێت و، هەموو پێکهاتە و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان وەك یەك بە مافەکانیان شاد بن و بژین. لەلایەکی دیکەوە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە سنووری لقی ٢٠ -کە دەکاتە شێخان- بکەم، کە دوو کاندیدی هەیە و کاندیدێکی دەکەوێتە بازنەی دووی نەینەوا کە ناوی (شەریف سلێمان)ـە و کاندیدەکەی دیکەش لە بازنەی سێی دهۆکە، کە ناوی (چیای تەیمور)ـە، باوەڕی ئێمە ئەوەیە کە هەر دوو کاندیدی سنووری ئێمە دەنگ دەهێنن و دەچنە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆیە داوا دەکەین خەڵکی کوردستان بەگشتی و سنووری شێخان و ئاکرێ بە باوەڕێکی نەتەوەیی و کوردانە بچنە سەر سندوقی دەنگدان و دەنگیان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و نوێنەرەکانیان بێت، کە دەبنە هێزێکی گەورە و بەتوانا لە بەغدا، بۆ هێنانەدیی مافەکانی خەڵکی کوردستان.

**لەم هەڵبژاردنەشدا وەک هەمیشە پارتی خاوەنی هەمان بیر و پەیامە و، هەڵگری پرۆژەی گرنگە بۆ گەلی کوردستان**

# ڕقتان لە کاکەمین نەجارە بوو، یان لە پارتی دیموکراتی کوردستان؟



**فوئاد سدیق**

**بۆ گوڵان نووسیویەتی**

هەر کاتێك گوتارێکی سیاسی پێشکەش دەکرێت، بە دەیان هەزار چاو بۆی کراوە و زیت دەبن، ئاخۆ هەڵەیەك، ساتمەیەك لە ڕیزبەندی وشەکانی دەکەوێتەوە، یان نا، چونکە لە پشت ئەو خۆ حەشاردانە، چەندین مەرامی سیاسیی قێزەونیان هەیە بۆ ئەوەی خاوەن گوتارەکەی پێ بشکێنن. شکاندن بووەتە بەرنامەی دوور و نزیکی دەیان گرووپ و سەدان کەس، ئەمەش بەرەو ئایندەیەکی پڕ لە تەمتومان و تاریکمان دەبات، کە لە بنەڕەتدا نەك هەر تەنیا کارێکی نەشیاوە، بەڵکو بۆ ئێستاو بۆ ئایندەی ئەم نیشتمانە مەترسیداریشە، نیشتمانێك کە جەستەکەی پڕە لە شەهید و قوربانیدان و پڕە لە ئازاری سەختی نەتەوەکەی.

ئەوەی تا ئێستا لە سۆشیال میدیا دەبیندرێ، هەموو ئاراستەکان ئەوەیە تا دەتوانی بەرانبەرەکەت، هاوڕێکەت، حزبەکەت، ئینجا هاوڕێکەی تر، حزبەکەی تر، ئەویتر بشکێنە و تا دەتوانی هەر بیشکێنە. ئەمەش لە ڕاستیدا کارەساتە. نابێت هەر خەریکی یەکتر شکاندن بین، ئەمە لە هیچ کوێیەکی وڵاتانی دنیادا نییە، بەتایبەت ئێمە هێشتا هەر لە قۆناخی ڕزگاریی نیشتمانیداین و پێویستیمان بە یەکگرتووییەکی پتەو هەیە.

من لەگەڵ ڕەخنەدام، خۆشم یەکێکم لە ڕەخنەگرەکان، بەڵام ڕەخنەی بازاڕی و مەبەست بۆ شکاندنی کەسانی ماندووی ڕێگای خەبات هەرگیز پەسند ناکەم، جا ئەو کەسە لەناو هەر حزبێکی سیاسی کوردستانیدا بێت، بەتایبەتیش لە کاتی ڕەخنەیەکی لەم جۆرە، پێویستە لە نییەت و نیازی خاوەن گوتار وردبینەوە، ئاخۆ بە چ مەبەستێك ئەم گوتارەی داوە، یان ئەم چەند وشەیەی وتووە.چونکە ئەگەر هەر ڕەخنە لە پێناوی ڕەخنە بێت، ئەوا دەبێتە ئاژاوەیەکی ڕاگەیاندن و هیچی دیکە. بەڵکو ڕەخنەش وەك نیچە دەڵێت، دەبێت بنەمایەکی ئەخلاقی تێدا بێت. هەموو ئەو ڕەخنانەی بەبێ بنەمای ئەخلاقین، لە ڕاستیدا زۆر قێزەون دەردەکەون، چونکە کە مرۆڤ دەیانبینێ، قێزو بێزی لێ دەکاتەوە. بەداخەوە کە وای لێ هاتووە.

چەندین سەدەیە دەیان خەنجەری ژەهراوی لە پشتی نەتەوەی کوردە دراوە، دەزانن بۆچی هەر بەردەوام خەنجەری نوێ دێتە پێشەوە، ئەوانەی ساڵەهایە بوونەتە جاش بەردەوام زەهرمان بۆ دەکەن بە باراش و دەرخواردمان

**کورد لە دۆخێکی متبووندایە، بەڵام جووڵەیەکی تێدایە هەستی پێ ناکرێ، ئەم جووڵەیە لە کات و ساتێکدا هەر دەتەقێتەوە، بەڵام ڕەنگە ئێمە نەتوانین دەستنیشانی ئەوە بکەین، ئاخۆ کەی دەتەقێتەوە و ئەنجامەکەی چی دەبێت**

دەدەن، هەر ئەوانەشن سەریان ناوەتە گیرفانی بێگانە، کەچی تا ئەمڕۆش تاقە خائینێك سزای خۆی وەرنەگرتووە. تا ئێستا ئەوانەی بەردەوام دژی ئێستا و ئایندەی ئەم کوردستانە کاردەکەن، ڕووبەڕووی هیچ سزادانێك نەبوونەتەوە، ئەمە وای کردووە، دەیان گرووپی مەترسیدار بۆ سەر ئێستاو ئایندەی ئەم گەل و نیشتمانە لەناو کورد دروست ببێت، تا دێت ئەم مەترسییەش چەشنی ڤایرۆس زیاتر بڵاو دەبێتەوە و گەشە دەکات.

کورد لە دۆخێکی متبووندایە، بەڵام جووڵەیەکی تێدایە هەستی پێ ناکرێ، ئەم جووڵەیە لە کات و ساتێکدا هەر دەتەقێتەوە، بەڵام ڕەنگە ئێمە نەتوانین دەستنیشانی ئەوە بکەین، ئاخۆ کەی دەتەقێتەوە و ئەنجامەکەی چی دەبێت. چونکە لەپاڵ ئەم هەموو جاش و بەکرێگیراو و لەپاڵ ئەم هەموو خەنجەرە ژەهراوییە، قارەمانی بێ وێنەیشی لە مێژوودا تۆمار کردووە، مێژوویەکمان هەیە پڕە لە گیانفیداکاری، بەڵام پێویستە ئەم خەباتە نەپچڕاوەیە، بەرهەمی بهێنین . بەداخەوە، زۆرجاران ئەو بەرهەمهێنانەمان لەدەست داوە، یانیش بە هۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانمان دۆڕاندوومانە. بەڵام خۆ دەبێت پەند و عیبرەتی لێ وەربگرین و، ئیتر بوار بۆ ئەم ناکۆکییە ناوخۆییە و بۆ ئەم گەلەکۆمەکییانە بۆ سەر تێکۆشەرانمان بوەستێنین.

من تا ئێستا هەرگیز نەچوومەتە ناو ئەم جۆرە بابەتانەوە، لە ناخیشەوە پێم ناخۆشە کە هاتمە ناو ئەم جۆرە بابەتانە، بەڵام ناشکرێ ئەوانەی هەموو ژیانیان پێشمەرگە بووە و خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە کوردایەتین، بدرێنە بەر چەقۆی ژەهراوی و ئێمەش ببینە بینەرێکی سارد و سڕ.

کاکەمین نەجاڕ، کەسایەتییەکی ناو شاری هەولێری پایتەختە و، بە ژمارە زۆر نین و کەمن ئەوانەی دەتوانن لە ڕووی خەبات و ژیانی جەربەزەیی پێشبڕکێ (منافسە) ی لەگەڵدا بکەن، سەرەڕای ئەمەش تا بڵێی ڕاستگۆ و سادەیە، ئەگەر من لە نزیکەوە نەمناسیبایە، هەرگیز بەم شێوەیە وەسفم نەدەکرد. بەڵام سادەیی و ڕاستگۆیی، تا ڕاددەیەکی زۆر کەسایەتیی کاکەمین-ی دەرخستووە. لەوەش زیاتر یەکێکە لەو کەسانەی کە بەردەوام هەڵوێستی دژی ئەوانەیە کە جاش و کۆنە بەعسی و سیخوڕی بەعس بوون، بەڵام توانیویانە ڕۆڵێکی سیاسی وەربگرن، جا لەناو هەر لایەنێکی سیاسییەوە بوبێت. هەمیشە دژی پیاوی چەلاوخۆر و ماستاوچی و، دژی پیاوی ترسنۆك بووە. ئەمە مانای ئەوە نییە، کاکەمین نەجاڕ نابێت لە ژیانیدا هەڵەیەکی بچووکیش بکات، یان نەتوانێ وەکوو پێویست گوزارشت لە بابەتێك بکات کە خستوویەتەڕوو.

زۆرجار سەرۆکەکانی وڵاتانی جیهان، هەڵەی زۆر زەقیشیان کردووە، بەڵام نەشکراوە بە هەڵلا. هەر بۆ نموونە: ستالین هەمیشە بانگەشەی (هەموو شتێك لە پێناوی جووتیاراندا)ی دەکرد، کەچی لە یەکەم پەلاماری بۆ سەر جووتیاران (پێنج ملیۆن) جووتیاری هەڵلووشی. ئەمە مەترسییە گەورەکەیە. یان سەدام دروشمەکەی ئەوە بوو کە عەرەب یەك نەتەوەیە و خاوەن یەك پەیامیشە، بەڵام کوێتی دراوسێی نەك هەر داگیر کرد، بەڵکو تاڵانیشی کردو، بیرە نەوتەکانیشی ئاگر تێبەردا. سەدام حوسێن داوای یەکگرتنەوەی نەتەوەی عەرەبی دەکرد، بەڵام هەمیشە پلانی بۆ داگیرکردنی دەوڵەتێکی عەرەبی دادەڕشت. کاتێك مۆسۆلینی چووە ناو تەرابلوسەوە، مەندیلی لە سەری کرد و وتی: هاتووم بۆ ئەوەی ئایینی محەمەد سەربخەم. بەڵام بە کردەوە چی کرد؟ لە جیاتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی، سێدارەی بۆیان دامەزراند. نموونەکان یەکجار زۆرن.

خاڵێکی دیکە کە من بەدیم کرد، هەموو ئەوانەی لە سەر گوتارەکەی کاکەمین نەجاڕ کردوویانە بە هەڵلا، هیچ کام لەوانە، مێژوویەکیان نییە پڕ لە تێکۆشان و جەربەزەیی بووبێت، بەڵکو کۆمەڵێك گرووپن سێڕیان لە سەرکردە سیاسییەکان گرتووە بۆ شکاندنیان، ئەمانە ماوەیەك سەر دەردەکەن و دواتریش کەس نازانێ چۆن دەکوژێنەوە! سەرەڕای ئەوەش ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەم هەموو قین ڕشتن و ئەم هەموو بەیت و بالۆرەیە، تەنیا بۆ ئەوە نییە کاکەمین نەجاڕی پێ ئازار بدەن، واتا ئەگەر کاکەمین نەجاڕ کەسایەتییەکی

**مێژوویەکمان هەیە پڕە لە گیانفیداکاری، بەڵام پێویستە ئەم خەباتە نەپچڕاوەیە، بەرهەمی بهێنین**

**زۆرجار سەرۆکەکانی وڵاتانی جیهان، هەڵەی زۆر زەقیشیان کردووە، بەڵام نەشکراوە بە هەڵلا**

**هەموو ئەوانەی لە سەر گوتارەکەی کاکەمین نەجاڕ کردوویانە بە هەڵلا، هیچ کام لەوانە، مێژوویەکیان نییە پڕ لە تێکۆشان و جەربەزەیی بووبێت، بەڵکو کۆمەڵێك گرووپن سێڕیان لە سەرکردە سیاسییەکان گرتووە بۆ شکاندنیان**

سەربەخۆ بوایە، بە دڵنیاییەوە ئەم هەموو هێرشەی نەدەکرایە سەر، بەڵام وەك دەبینین، ئەم گرووپانە وەك بڵێی هەنگوینیان لە داری کلۆردا دۆزیبێتەوە، بۆ پەلاماردانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاوەها، ئەم چەند ڕۆژە بەردەوامن لەو هەڵمەتی ناو سۆشیال میدیایە، بۆ ئەوەی لە پەنای کاکەمین نەجاڕەوە، جنێو بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن. قۆناخی جنێودان بە یەکتری و ناشیرنکردنی یەکتری، بەداخەوە هێشتا کۆتایی پێ نەهاتووە، ئەمەش پەیوەندی بە ئاستی هوشیاری خەڵکەکەوە هەیە، ئەگینا بۆچی دەبێت، هەمیشە خەریکی سێرە لە یەکتری گرتن بین؟ هەر بەڕێزێك هەڵەیەکی بچووکیش بکات، ئیتر هەموو دەستە چەورەکان دێنە پێشەوە بۆ ئەوەی تا ماوەیەکی زۆر ئەو دەستە چەورانەی خۆیانی پێ بسڕنەوە. هەموو گوتارە سیاسییەکانی کاکەمین نەجاڕ، لە ئەرشیف وەربگریت، وتارێکی نییە بۆنی دووبەرەکی و بۆنی شەڕی ناوەخۆی لێ بێت، لەکاتێکدا خۆی قوربانیی شەڕی ناوەخۆ بووە، بەڵام عیبرەتی لێ وەرگرتووە و، خەمی کوردستان و نەتەوەکەی زۆر بە مەزنتر دەزانێت. سەرکردەی ڕاستەقینەش هەر دەبێت وا بێت.

کورد بە شێوەیەکی گشتی نەگەیشتووەتە قۆناخەکانی سەدەی ناوەڕاست، چونکە هێشتا نەبووین بە خاوەنی ئەفلاتوون و ئەرستۆ و سوکرات، دیموکراسییەکەشمان وەك بازاڕی شێواوی لێهاتووە و، هەرکەسەو لە ئاوازێك و بە ئاوازێکی نامۆ دەخوێنێت. کورد لەم هەرێمەدا کولتووری عەرەبی وەرگرتووە، عەرەبیش ٧٠٠ ساڵە هەر شانازی بە ئیبن ڕوشد و ئیبن باجە و ئیبن خەلدون و ئەبو عەلای مەعەڕی و ....هتد دەکەن، بەڵام ٧٠٠ ساڵە پێشکەوتنەکانی عەرەب چەقی بەستووە، لەکاتی خۆیشیدا هیچ نەما بەو پیاوە مەزنانەیان نەکەن. ئێستا عەرەب چی بەرهەم دەهێنێ، لە دوای چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە، ئیخوانی موسلیمینی بەرهەم هێنا و دواتریش کەوتە بەرهەمهێنانی دەیان گرووپی توندڕەو و تیرۆریستی وەك قاعیدە و داعش و ...هتد. ئەوە ماوەی یەك سەدەیە، دەیان نووسەری گەورەی عەرەب کەوتوونەتە بەر شاڵاوی توندڕەوی ئایینیی حزب و گرووپە سیاسییەکان، ئەم خاوەن فیکرانە، یان شەهید کراون، یان هەڵاتوون و دەربەدەر کراون، یان وایان لێ کردوون لە ناو کۆمەڵگاکەیاندا نوزەیان لێوە نەیەت، پشتی هەر پڕۆژەیەکی ڕۆشنگەرییان لە وڵاتانی عەرەبی بە زەویدا داوە و، لێ ناگەڕێن سەردەربهێنێ، هەزار ساڵ پێش ئێستا بەغدا زۆر لە ئەمڕۆی پێشکەوتووتر بوو، مەبەستم سەدەی نۆیەم و دەیەمە کە عەباسییەکان تیایدا حوکمڕان بوون. تەنانەت بەغدای سەدەی بیست لەگەڵ بەغدای سەدەی بیست و یەك هەر بەراورد ناکرێت، ئەمە بۆ قاهیرە و دیمەشق و زۆر وڵاتی دیکەیش ڕاستە.

ناپلیۆن کە ئێستاش فەرەنسا شانازی پێوە دەکات، کەچی لەپێناوی گەیشتن بە خۆشەویستەکەی، بەرەی شەڕی بەجێهێشتووە! خۆشەویستەکەی خیانەتی لێ کردووە و، ئەو ناپلیۆنەش ویستوویەتی تۆڵەی لێ بکاتەوە! هەڵەی دیکەیشی کردووە، بەڵام فەرەنسا تا ئێستاش شانازییەکی گەورەی پێوە دەکات.

ئێمە دەبێت ڕەخنە بگرین، چونکە ڕەخنە و لێکۆڵینەوە نەبێت، ژیان ڕادەوەستێت، بەڵام ئەوەی لە سۆشیال میدیا دەبینرێت، نە لێکۆڵینەوەیەك دەبینرێت، نە ڕەخنەیەکیش هەیە، تا بۆ خوێنەر سوودبەخش بێت. ئاخر ئێمە لەم هەرێمەی کوردستاندا نە کێشەی کاتۆلیك و پرۆتستانتمان هەیە، نە کێشەی شیعە و سوننەشمان هەیە، کەچی وەها بەرامبەر بە یەك چەقیوین، وەك بڵێی هەموومان بابە کوشتەی یەکتری بووبین! ئەوەی لە شەوی جەژنی قورباندا فەرەج فۆدەی شەهید کرد، لە دادگا ددانی بەوەدا نا کە یەك پیت لە نووسینەکانی فەرەج فۆدەی نەخوێندووەتەوە و، پێشتریش ئەو پیاوەی هەر نەناسیوە و هەر نەیبینیوە، دادوەر وتی: ئەی بۆچی لە شەوی جەژنی قوربان شەهیدت کرد؟ وتی: بۆ ئەوەی ماڵ و منداڵەکەیشی چێژ لە جەژن نەبینن! سەیری ئەم ئەقڵییەتە بکە!! کارەساتی گەورە ئەوەیە ئەم ئەقڵییەتە دژوار و زۆر مەترسیدارە گوازراوەتەوە ناو مێشکی زۆرێك لەم خەڵکەی هەر لە خۆیانەوە ڕەخنەی نائەخلاقی دەگرن

**ئەگەر کاکەمین نەجاڕ کەسایەتییەکی سەربەخۆ بوایە، بە دڵنیاییەوە ئەم هەموو هێرشەی نەدەکرایە سەر**

**هەموو گوتارە سیاسییەکانی کاکەمین نەجاڕ، لە ئەرشیف وەربگریت، وتارێکی نییە بۆنی دووبەرەکی و بۆنی شەڕی ناوەخۆی لێ بێت**

**ئێمە لەم هەرێمەی کوردستاندا نە کێشەی کاتۆلیک و پرۆتستانتمان هەیە، نە کێشەی شیعە و سوننەشمان هەیە، کەچی وەها بەرامبەر بە یەک چەقیوین، وەک بڵێی هەموومان بابە کوشتەی یەکتری بووبین**



و، هەر لە خۆیانەوە، چێژ لە شکاندنی خەڵك وەردەگرن!. پێویستە سنوورێکی ژیرانە بۆ ئەم جۆرە ڕەفتارانە دابنرێت، چونکە بەردەوامبوونی ئەم باهۆزە کە ڕەشەبایەکی دژوارە، زیانی گەورە بە سەر خەڵکدا دەهێنێت.

مارتن لۆتەر کە پێغەمبەری پرۆتستانتەکانە، هەڵەی زۆر گەورەیشی کردووە، بەڵام چاکەو باشەیشی هەبووە. ئەمەیە بنەما ئەخلاقییەکان، نابێت هەر بە ئارەزووی دڵمان تەڕو وشك پێکەوە بسووتێنین و، کەسانی تێکۆشەر کە هەموو ژیانی خۆیان لە ڕۆژە سەختەکانی خەباتی چیا بردووەتە سەر، ئێستا کەسانێك کە هەر بە ژیانی پێشمەرگایەتی ئاشنا نەبووە، شەلم کوێرم هیچ نابوێرم بە ناو بکەوێت و، بیقۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە پەنای تێکۆشەرەکانیشدا، پەلاماری حزبەکەیشی بدات.

کەس نکوڵی لەوە ناکات، کە بەردەوام پێویستمان بە ڕەخنەی بونیادنەرانە هەیە، بەڵام هەر ڕەخنەیەك لە بنەما ئەخلاقییەکان خۆی دوور خستەوە، مانای ئەوەیە پێویستی بە ڕووبەڕووبوونەوە هەیە، بۆئەوەی کەس فریو نەدات، ئاخر فریودانی خەڵك هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ خیانەتدا نییە و کارێکی نانیشتمانییە. ناشبێت هەمیشە لەسەنگەر خۆمان مات کردبێت بۆ ئەوەی ماندوویی نەناسەکانی ئەم وڵاتە بشکێنین، ئاخر ئەمانە بوون، بۆ نەوەکانی ئێستا سنگی خۆیان دابووە بەر گوللەی دوژمن و، ئەو حزبەش بوو هەزاران کەسی وا تێکۆشەری هێناوەتە گۆڕەپانەکە.

هونەرمەندێکی گەورەی جیهانی وەك سلڤادۆر دالی چەپڵەی بۆ فاشیزم لێداوە و بە هیتلەریش سەرسام بووە، هەر ئەو هۆکارەش بوو، ئەندرێ پریتۆن و دامەزرێنەرەکانی تری سوریالیزم لە ڕیزی خۆیان دەریان کرد، بەڵام دواتر لەو دەرکردنەی پەشیمان بوونەوە. سلڤادۆر دالیش بەرهەمەکانی دانەبەزی. هیگڵ چەپڵەی بۆ ناپلیۆن لێداوە، کاتێك سوپای ناپلیۆن گەیشتە پروسیا و، هیگڵ وتی: «ناپلیۆن ڕۆحی جیهانە»، بەڵام، هیگڵ بەقەد کاکەمین نەجاڕ ڕەخنەی لێ نەگیرا و هێرشیشی نەکرایە سەر. ئێستاش هیگڵ بە خوای مۆدێرنێتە دادەنرێ، لەلای خوێنەرانەوە نا، بەڵکو لەلای فەیلەسوفەکانیشەوە.

با فێری ڕەخنە گرتن بین، نەك تانە و تەشەر، با لەم سەدەی بیست و یەکە، دوای ئەم هەموو نەهامەتی وماڵوێرانییەی بەسەرماندا هاتووە، با خۆمان لەگەڵ ڕەخنەی نوێ و ئەقڵی نوێ و بیرکردنەوەی نوێ ڕابهێنین، دوور کەوینەوە لە ئەقڵییەتی سەقەتی سەدان ساڵە، کە بەرهەمەکەی هەمیشە نەگبەتی و نەهامەتی بووە بۆ خۆمان. هەموومان لەناو یەك پاپۆڕداین، با بە هەموومان ئەو پاپۆڕە بپارێزین، نەك هەوڵدەین خۆمان و هەموومانی تێدا بخنکێنین. مێژوو چییە ئەگەر پەند و عیبرەتی لێ وەرنەگرین؟

**هەر ڕەخنەیەک لە بنەما ئەخلاقییەکان خۆی دوور خستەوە، مانای ئەوەیە پێویستی بە ڕووبەڕووبوونەوە هەیە، بۆئەوەی کەس فریو نەدات**

**هەمووماں لەناو یەک پاپۆڕداین، با بە هەمووماں ئەو پاپۆڕە بپارێزین، نەک هەوڵدەین خۆمان و هەمووماںی تێدا بخنکێنین. مێژوو چییە ئەگەر پەند و عیبرەتی لێ وەرنەگرین؟**



# (بەڵێ) بۆ کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، زامنکەری ئایندەیەکی گەشتر و هەنگاوێکی بوێرانەترە، بەرەو سەرکەوتن، بەرەو ئاییندەی جوانتر

**ئەحمەد سالار**
بۆ گوڵان نووسیوەتی

من دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، ئەو پارتییەی پێشمەرگە و گەورەترین شۆڕشی هێنایە بەرهەم، شۆڕشی ئەیلوول کە بەردەوامە چ بە گوڵانەوە، یان بە هەنگاوی نوێوە، هەرچەندە من بڕوام بەوە هەیە کە شۆڕش کۆن و نوێی نییە، شۆڕش هەر شۆڕشە، لە هەموو کاتێکدا ئەم شۆڕشە بۆ گۆڕانکاری بووە بەرەو ژیانێکی لەبارتر و گونجاوتر بۆ گەلەکەمان. بەڵێ ئەندازیاری ئەم شۆڕشە مەزنانە بارزانی-ی نەمر بوو.

ئێستاش ئەوانەی دەمانەوێ کاندیدیان بکەین و بچنە بەغدا ڕۆڵەی ئەم پارتەن، چونکە بەغدا کانگای گرفتەکانە، هەموو شتەکان لەوێوە سەرهەڵ دەدەن، دەبێ لەوێوە داکۆکی بکرێ لە مافەکانی گەلی کوردستان، بۆیە ئەو کەسە هۆشیارانەمان دەوێ، کە بتوانن لەوێ بەرەنگاری هەموو ئاستەنگێك ببنەوە.

بارزانی-ی نەمر هەمیشە دژی خۆپەرستی نەتەوەیی بووە، دژی ئەو کەسانە بووە کە بەو جۆرە بیر دەکەنەوە، چونکە ئەوانەی گرفت و تەگەرە بوون لە بەردەم ئامانج و خەونەکانی

کوردد ئەو شۆڤینییانە بوون، بۆ نموونە ئازاترین و بوێرترین ئەزموونمان ئەو ڕیفراندۆمە بوو کە سەرۆك مسعود بارزانی ئەنجامی دا، لەوەیا سەلماندی کە پارتی بوێرە، سڵ ناکاتەوە، هەر وەك خۆی فەرمووی چی دەبێ با ببێ، گەلێك کە بەرەنگاربوونەوە هەڵبژێرێت بەرامبەر بە هەموو سەختی و دژوارییەك، هەر ئەمەش عەقڵی شۆڤینییەتی هەموو دونیای بزواند بەرامبەر بە کورد، بەڵام کورد پەشیمان نییە لەبەر ئەوەی، چونکە توانی ئەوە بەدەست بهێنێت کە زیاتر لە ٩٢٪ی گوتی: (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی) ئەو (بەڵێ)یە خۆی لە خۆیدا شۆڕشی گەورەی لە ناواخندا داناوە، بۆیە دەڵێ (بەڵێ)، ئێمەش ئەوانەمان دەوێ کە بە (بەڵێ) چاونەترسەکەی سەرۆك بارزانی-یەوە بەرەنگاریان ببنەوە، چونکە پارتی چۆن پێشمەرگە و شۆڕشی هێنایە بەرهەم، دەتوانین بڵێین هێندەی شەهید هەیە، هێندەی هێندی گەلێك کە سەربەخۆ بێت و ئاڵایان لە نەتەوەیەکگرتووەکان دەشەکێتەوە، ئەوەندەی ئەوانە، ئێمە شەهیدمان هەیە، شەهیدی قوتابخانەی پارتایەتی، شەهیدی قوتابخانەی کوردایەتی.

بۆیە هەڵبژاردنی ئەو ڕاستە ڕێگایە دەنگی پێ بدەن، کە ئێمە دەنگی پێ دەدەین، بۆ ئەوەی دڵنیا بین لە ئایندە، بۆ ئەوەی دڵنیا بین کەسانی چاونەترس، بوێر ڕووبەڕووی هەموو ڕۆژانێکی سەخت دەبنەوەن، چونکە ئێمە دەزانین گەلێك سەختی دی لە بەردەمماندا ماوە، بەڵام پارتی ئەو پارتەی (٧٥)ساڵی بە ئازایەتی بەسەربردووە و ڕۆژێك لە ڕۆژان سڵی لە نەهامەتی و نشوستی نەکردووەتەوە، بەڵکو هەر هەنگاوی ناوە و هەر سەرکەوتوو بووە و گرفتەکانی لە ژێر پێی خۆی ناوە.

بەڵێ بۆ پارتی، بۆیە داوا دەکەین ئەوەی ئایندەی جوانی دەوێ، ئەوەی سوورە لەسەر بوێری، ئەوەی بڕوای بە ڕێبازە پۆڵایینەکەی باوکی کورد بارزانی-ی نەمر هەیە، بڵێ (بەڵی بەڵێ) بۆ کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، زامنکەری ئایندەیەکی گەشتر و هەنگاوێکی بوێرانەتره، بەرەو سەرکەوتن، بەرەو ئایندەی جوانتر.









**سەعید سەلیم ئاغا**
بەرپرسی لقی ٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# خەڵکی سلێمانی دەنگ بە کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەن

**پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان، كارنامەیەكـی درەوشـاوی پـڕ لـە خەبـات و قوربانیدانـی هەیـە و، لـە دامەزرانیـەوە تـا ئێسـتا داكۆكیـكار و بەرگریكارێكـی بەهێـزی مافـە ڕەواكانـی گـەل و پارێـزەری نیشـتمان بـووە، هـەر بۆیـە پێگـەی جەماوەریشی بەهێزە و لـە هەمـوو چین و توێژەكان و بە گشت نەتـەوە و ئاییـن و ئایینزایەكەوە، ئەو پارتە بە پارتی خۆیان دەزانـن. لە ئێستاشدا كە لـە ڕۆژی دەنگـدان (١٠/١٠) بـۆ ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێـراق نزیـك دەبینـەوە، هاونیشـتمانان جەخـت لـەوە دەكەنـەوە كـە بەهێزبوونـی پارتـی، پێگەی كورد لە عێراقدا قورس و گرانتر دەكات. هـەر لـەم بارەیـەوە سـەعید سـەلیم ئاغا بەرپرسی لقـی چـواری پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان لـە ڕێـی گۆڤـاری گوڵانـەوە بـەم جـۆرە پەیامـی خـۆی بـۆ هاووڵاتیـان خسـتەڕوو:**

پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان ئـەم هەڵبژاردنـەی عێراق وەكـو پرسـێكی یەكلاكـەرەوە و چارەنووسساز سـەیر دەكات و، وەكـو ئامرازێـك بـۆ گۆڕانـكاری لـە ژیانـی سیاسـی و ئابـووری و كۆمەڵایەتیـی عێـراق و خەڵكـی كوردسـتانەوە، دەڕوانێتـە هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی عێـراق، چونكـە ئێمـە هەرێمێكـی فیدراڵیـن لـە چوارچێـوەی عێراقـدا، كـە زۆربـەی ئـەو مـاددە و بڕگـە دەسـتوورییانەی پەیوەسـتن بـە مافەكانـی هەرێـم و خەڵكـی كوردستانەوە، تـا ئێسـتا پێشـێل كـراون و مەبەسـتیان نەبـووە جێبەجێیـان بكـەن، پارتـی مەبەسـتیەتی بـە یەكدەنگـی و یەكڕیـزی و یەكهەڵوێسـتی، كـورد لـە بەغـدا پێگـەی بەهێـز بێـت، مێـژوو سـەلماندوویەتی هـەر كاتێـك لـە بەغـدا پارتـی بەهێـز بووبێـت، كـورد و كوردسـتان بەهێـز بـووە و گەشـەی كـردووە، بەهێزبوونـی پێگـەی كوردیـش واتـا ئامرازێـك بـۆ دەسـتەبەركردنی مافـە زەوتكراوەكانـی گەلـی كوردسـتان، گرنگـە هەمـوو هاونیشـتمانیان پێكـەوە بـە چاوێكـی پڕبایەخـەوە سـەیری هەڵبژاردنـی ئەمجـارەی ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێـراق بكەیـن، پارتـی لـە سـنووری سـلێمانی بەپێـی پلانێكـی تۆكمـە و زانسـتی و واقیعـی كار بـۆ سـەركەوتنی كاندیدەكانـی و بەهێزبوونـی پێگـەی كـورد دەكات،








**پارتی لە سنووری سلێمانی بەپێی پلانێکی تۆکمە و زانستی و واقیعی کار بۆ سەرکەوتنی کاندیدەکانی و بەهێزبوونی پێگەی کورد دەکات**

**خۆشبەختانە خەڵکی شاری سلێمانی لە دەستکەوت و قوربانییەکانی پارتی و خۆڕاگری و بەرخۆدانی شارەزان**

نەك وەکو هەندێك لایەنی سیاسی لە سنووری سلێمانی کە بەداخەوە پارتییان کردووەتە ئامانج و، غەدر لە مێژوو و دەنگدەر و دوارۆژی ئەم میللەتەش دەکەن و، جەماوەرەکەیان بە دروشمی دوور لە ڕاستی و ناواقیعییانە فریو دەدەن، پارتی لە ژێر ئامۆژگاریی جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی بانگەشەی هەڵبژاردن بە هێمنی و لەسەرخۆ و، بە جوانترین شێوە بەڕێوە دەبات، ئێمە هەوڵ دەدەین سوود لە دەستکەوتەکانی خۆمان وەربگرین و هەموو ئەو ئامانج و پلان و بەرنامانەی بۆ گەلی کوردستان هەمانە بخەینە ڕوو، پارتی پشت ئەستوورە بە جەماوەرێکی ئاست بەرزی ڕۆشنبیر و بەهێز لە هزری نەتەوەیی و نیشتمانی و، دوورمەودا دەڕوانێتە گۆڕانکاری و وێستگە مێژووییەکانی ئەم نەتەوەیە، هەر ئەمەشە وایکردووە پارتی دەوڵەمەند بێت بە مێژوویەکی پڕ سەروەری و، خاوەنی شەهید و قوربانییەکی زۆر بێت، هەموو ئەو دەستکەوت و کارانەی کە ئێستا لەم عێراقە ناسەقامگیر و نائارام و پڕ لە دوژمن و ناحەزە بەدەست هاتووە، بۆ ڕۆڵی مێژوویی مەلا مستەفا بارزانی و جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی و هەموو ئەو شەهیدە قارەمان و پێشمەرگانە دەگەڕێتەوە، کە مێژووی دوور و نزیکن و پارتی و کادیر و ئەندامەکانی هەموو قوربانییەکیان داوە بۆ پارێزگاریکردن لەم دەستکەوتانە. مێژوو و ئەزموونە دەوڵەمەندەکەی سەرۆك بارزانی و پارتی، بۆ سوودوەرگرتن لە داڕشتنەوەی ستراتیژیەتی داهاتوو، بایەخ و گرنگیی لە ڕادەبەدەری هەیە، خۆشبەختانە خەڵکی شاری سلێمانی لە دەستکەوت و قوربانییەکانی پارتی و خۆڕاگری و بەرخۆدانی شارەزان و ئەم خەرمانە هێندە پڕ بەرەکەتە بۆ ئێمەی پارتی، ئاسانە هەموو ئەم دەستکەوتانە بکەینە ئامرازێك بۆ دەنگدان بەو کاندیدە نیشتمانپەروەر و نەتەوەییانەی کە لەسەر ڕێبازی بارزانیین.

پارتی لە سلێمانی پشت ئەستوورە بە پارتییە دڵسۆزەکانی، کە نموونەی قارەمانی و خۆنەویستی و بەرخۆدانن، هەربۆیە بە هەمان گڕوتینەوە ئەم جەماوەرە دڵسۆزەی پارتی لە سلێمانی، ڕۆژی ١٠/١٠ دەکەنە ڕۆژێکی مێژوویی و دەیسەلمێننەوە کە ئەوانەی قەوارەی هەرێم دەپارێزن و بوونەتە قەڵغان بۆ خەڵکی کوردستان و، گیانفیدایی و ڕۆحی نەتەوەییان تێدایە، دەنگ بە کاندیدەکانی پارتی دەدەن، لە ڕابردووشدا خەڵکی سلێمانی بەشێك لەو هێز و لایەنانەی تاقی کردەوە کە ئیدارەدەری لۆکاڵیی









سلێمانی بوون، ئێستا بەشێك لە خەڵكی سلێمانی ئارەزووی ئەوە دەكەن پارتی تاقی بكەنەوە و مۆدێلی حوكمڕانیی پارتی ببینن، بەوەی ئێرەش وەكو هەولێر و دهۆك سەقامگیر بكەن و خۆشگوزەرانی و گەشە بدەنە شارەكەیان، ئێمە ئومێدمان لەوە هەڵچنیوە و پشت ئەستووریشین بە خەڵكە نیشتمانپەروەر و نەتەوەییەكەی شاری سلێمانی و، بەو هیوایەین ئومێدەكەمان لە شوێنی خۆی بێت و، لە ڕۆژی دەنگدان لە سنووری پارێزگای سلێمانی كە پێنج بازنەیە، بەڵام ئێمە ئەوەی پەیوەندی بە لقەكەی ئێمەوە هەیە، بازنەی ١ و بازنەی ٢ و بە هاوبەشی لەگەڵ لقی ٢١ی پارتی دیموكراتی كوردستان لە بازنەی ١ كاندیدی پارتی یادگار مەحموود نەسروڵایە، كە كچی شەهید و خوشكی دوو برای شەهیدە و، لە خێزانێكی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی شاری سلێمانییە و ئافرەتێكی قارەمان و تێكۆشەر و ڕۆشنبیرە، لە بازنەی ٢ بە هەمان شێوە خاتوو شنۆ نوری كە ئافرەتێكی شارەزا و بەتوانا و سەرپەرشتیاری پەروەردەیە و، كەسێكی بەئەزموونە لەپەروەردەو خوێندن و خەباتی مەدەنی و كاری ڕێكخراوەییدا، بەو هیوایەین كاندیدەكانمان بگەنە پەرلەمان و، خەڵكی ئەم شارە خۆڕاگرەش ئەنجامی بەڵێنەكانمان ببینن.



## عەلی عەونی

بەرپرسی لقی ٨ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# سەرکەوتنی پارتی لە هەڵبژاردنەکاندا زامنی بەهێزبوونی پێگەی هەرێمی کوردستانە

**لەگـەڵ نزیکبوونـەوە لـە وادەی هەڵبژاردنـە پەرلەمانییەکەی عێراق هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیش بەرەو چڕبوونەوەی زیاتر دەچن و، گەرموگوڕی پتـر بـە خۆیانـەوە دەبینـن، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانیش وەك هێزێکـی سـەنگین و سـەرەکی لـە گۆڕەپانـی سیاسـیی عێـراق و کوردسـتان بـە هەوڵ و هەڵمەتی جددی و بە متمانەبەخۆبوون و ماندوویی نەناسییەوە بەشداری لـەم هەڵمەتانـەدا دەکات و، ئومێـد و چاوەڕوانییەکـەی ئەوەیـە کـە ئەنجامێکـی گـەورە و بەرچـاو بەدەسـت بهێنێـت. لەم ڕووەوە عەلی عەونی بەرپرسی لقی هەشتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ڕێـی گۆڤـاری گوڵانـەوە ئـەم پەیامـەی خسـتەڕوو:**







ناتوانرێت نکۆڵی لـەو ڕاستییە بکرێت کە پارتی دیموکراتـی کوردسـتان هـەر لـە دامـەزراندنیـەوە وەك چەترێکـی بەرفـراوان بـوو، کـە هەمـوو پێکهاتـە و ئاییـن و ئایینزاکانـی کوردسـتانی کۆکـردەوە و، یەکـەم پارتـی نیشـتمانی و دیموکراتییـە کـە سەرسـەختانە و بـە بـێ سازشـکردن داکۆکیـکار بـووە لـە مافـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکان، ئەمـەش بـۆ ئـەو ڕاسـتییە دەگەڕێتـەوە کە پارتـی هەڵقـولای نـاخ و ویژدانـی ئـەو میللەتەیـە و بـۆ ئـەو میللەتـە دامـەزراوە و تێکۆشانیشـی لـە پێنـاو ئازادیـی خـاك و گەلـی کوردسـتانە و ئەوانـەی خوازیـاری بەدیهێنانـی کوردسـتانی بەهێـزن، بـاش دەزانـن کـە دەبێـت پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بەهێزبێت، چونکـە پارتـی سـەنگەری بەرگریکردن بـووە لـە مافی کوردستانیان و، هـەر ئەمـەش وای کـردووە کـە بـەردەوام پشـتیوانیی گـەل و جەمـاوەر بەدەسـت بهێنێت. هەروەهـا پارتـی هەڵگـری دیـد و سـتراتیژی و ڕوانگـەی ڕوون و دوورمەودایـە، چونکـە لەگـەڵ ئـەوەی پێداگرییەکـی تونـدی کـردووە لەسـەر چارەسـەرکردن و یەکلاکردنـەوەی کێشـەکانی پەیوەسـت بـە بودجـەی کوردسـتان و مووچـەی مووچەخـۆران، بـەڵام هیـچ ئـەو ڕاسـتییەی نادیـدە نەگرتـووە کـە کێشـەی کـورد کێشـەیەکی سیاسـی و نەتەوەییـە و کێشـەی خاکـە و، ئـەم پرسـەی کردووەتـە ئەولەوییـەت لای خـۆی و کار لەسـەر ئـەوە دەکات کـە سنوورەکانی هەرێمی



کوردستان بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ چارەسەر بکرێت و، ئەو ناوچەیانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ببنەوە بەشێك لەم هەرێمە. چونکە تێڕوانینەکە ئەوەیە کە هەر بڕگە و بەندە پەیوەندیدارەکانی نێو دەستوور جێبەجێ کران، ئەوە بێگومان بەشی هەرە زۆری مافەکان گەلی کوردستان فەراهەم دەبن. هەروەها ئەگەر دەستوور بچەسپێت و جێبەجێ بکرێت، ئەوە بە شێوەیەکی ئاسایی و یاسایی کێشەی بودجە و مووچەش چارەسەر دەبن. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەزانین کە پابەندبوون بە دەستوور و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکان پێویست بەوە دەکات کە پێگەی کورد و هەرێمی کوردستان لە بەغدا بەهێز بێت، بۆ ئەوەی ئەم پێگە بەهێزەش فەراهەم بێت، پێویستە پارتی بەهێز بێت، لەم ڕوانگەیەوە دەنگدان بە پارتی و سەرکەوتنی پارتی لەم هەڵبژاردنانەدا زامنی بەهێزبوونی پێگەی هەرێمی کوردستانە لە عێراقدا. دواتر ئەگەر باسی نێو پەرلەمانی عێراق بکەین، ئەوا پێمانوایە تەنیا حزبێك کە لە ماوەی ڕابردوودا و لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی و یەکهەڵوێستییەوە بەرگری لە مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان کردبێت، پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. ئەوەی پەیوەست بێت بە بەڕێوەچوونی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە دەڤەری زاخۆ، ئەوا لەم شارەدا هەڵمەتێکی زۆر هێمنانە و لەسەرخۆ بەڕێوەدەچێت و بەپێی ڕێنمایەکانی جەنابی سەرۆك هەڤاڵانی ئێمە لە هەڵمەتەکاندا خۆدەپارێزن لە خولقاندنی بارودۆخی نەخوازراو و ناوزڕاندن و تانەدان لە لایەنەکانی دیکە. هەر بۆیە ئەم جۆرە کەمپین و کەرنەڤاڵە هێمنانەی پارتی دیموکراتی کوردستان وای

**پارتی هەڵقوڵای ناخ و ویژدانی ئەو میللەتەیە و بۆ ئەو میللەتە دامەزراوە و تێکۆشانیشی لە پێناو ئازادیی خاک و گەلی کوردستانە**









کردووە کە خەڵك دڵخۆش و ئاسوودە بن و هەست بە هێمنی و سەقامگیری بکەن، ئەو ئازادی و سەقامگیرییەش وای کردووە کە خەڵکی سنووری زاخۆ و بازنەکانی سنووری لقی ٨ی پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر متمانەیان بە پارتی و کاندیدانی پارتی هەبێت. لەم ڕووەوە ئومێد و پێشبینی ئێمە ئەوەیە کە هەر سێ کاندیدەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە (زاخۆ - سیمێڵ ) سەرکەوتن بەدەست بهێنن. لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بڵێم: پارتی ئەو حزبەکەیە کە بتوانێت شان بداتە بەر باری بەرپرسیارێتی و دووبارە سەرکەوتنەوەی پارتیش لە هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەدا بە مانای ئەوە دێت کە گەلی کوردستان دڵنیا دەبێت لەوەی پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی ئێستا دەکرێت و، لە ئایندەشدا مافی زیاتریش بەدەست دەهێنێت و، پێگەی هەرێمی کوردستانیش بەهێزتر دەبێت.



بەسام عەلی

بەرپرسی لقی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵەبجە:

# هەڵەبجەییەکان دەنگ بە کاندیدەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەن

**پارتی دیموکراتی کوردستان لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا هێزێکی کارا و کاریگەرە و ڕۆڵی گەورەی لە داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسیی ئەم وڵاتەدا هەیە، بۆیە لەم هەڵبژاردنە پەرلەمانییەشد بەشدارییەکی چالاکانە دەکات و، بە باوەڕ و متمانەبەخۆبوونەوە، لە ڕێی کار و کۆششی جددییەوە دەیەوێت ئەنجامی بەرچاو بە دەست بهێنێت. لەم بارەیەوە بەسام عەلی بەرپرسی لقی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێی گۆڤاری گوڵانەوە بەم جۆرە پەیامی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکان خستەڕوو:**




**بۆئەوەی تیمێکی بەهێز و یەکگرتوو لە بەغدا نوێنەرایەتیمان بکات، دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن**

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گەلی کوردو کوردستان گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، بەتایبەت لەوەدا کە سەرجەم ئەو یاسایانەی پەیوەندیدارن بە مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان و، پەیوەستن بە قەوارەی سیاسی و ئابووریی ئەم هەرێمەوە لەو ئەنجومەنەدا، گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و دواتر دەنگی لەسەر دەدرێت. لەم ڕوانگەیەوە پارتی دیموکراتی کوردستان بە گرنگییەکی زۆرەوە دەڕوانێتە ئەم هەڵبژاردنە و، ژمارەیەك کاندیدی بەتوانا و دڵسۆزو شارەزای دەستنیشان کردووە، پارتی پێشتریش سەری ڕمی بەرگریکاری مافەکانی گەلی کوردستان بووە و، لە بەغدا سەلمێنەری ئەوە بووە کە بەردەوام داکۆکیکارە لە سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق و کوردستان بەجیاوازیی نەتەوەیی و ئاینی و بیر و هزریانەوە، هەرواش لەسەر ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی، کە ڕێبازی پێکەوەژیان و کولتووری لێبوردەیی و پاراستنی مافەکانی خەڵکی کوردستان بووە و، پارتی بەردەوام خزمەتکردنی خەڵکی بە شانازی داناوە و، کاری لە پێشینەی ئەندامان و کادیرەکانیش خزمەتکردن دەبێت بە گەلەکەیان، هەروەکو جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی ئاماژەی پێ دا، کە کەم قسە بکەن و، زۆر کار بکەن.

هەڵەبجەییەکان و خەڵکی تەواوی ئەم سنوورە،



**لەسەر داوای سەرۆک بارزانی و لە سەردەمی سەرۆکایەتیی جەنابیان بوو کە هەڵەبجە بووە پارێزگا**

کە سەردەمێکی زۆر ببوونە قوربانی و زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە، لە هەموو کەس زیاتر دەزانن هەر کاتێك لە عێراقدا پارتی بەهێز بوویێت، ئەوان بوونەتە خاوەنی ماف و دەستکەوتی مێژوویی و، هەر کاتێکیش پارتی بەهێز نەبووە، زیانی گەورەیان بەرکەوتووە. هەر لەسەر داوای سەرۆك بارزانی و لە سەردەمی سەرۆکایەتیی جەنابیان بوو کە هەڵەبجە بووە پارێزگا و، دواتر لە سەردەمی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی کاروبارە ئیدارییەکانی تەواو کران، بۆیە ئێمە خۆمان بە خاوەنی هەڵەبجە و مافی هەڵەبجەییەکان و تەواوی سنوورەکە دەزانین، بە سەیدسادق و پێنچوێن و قەزای شارەزووریشەوە، هەر بۆیە هەڵەبجەییەکان دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەن، ئەو کاندیدانەی هەڵگری هزری نەتەوەیی و نیشتمانین و، بە جورئەتەوە لە بەغدا بەرگری لە مافەکانیان دەکەن، پەرلەمانتارێکن دەتوانن کار بکەن بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی دەستی ڕژێمی بەعس، کە پشکی شێر بەر خەڵکی ئێمە لە شەهید و زیندان و کیمیاباران و ماڵوێرانی دەکەوێت و، دەبێت هەموو ئەو یاسایانەی باس لە قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان دەکات، بخرێنە کار و، لە ڕووی پراکتیکییەوە لە بەغدا کاریان پێ بکرێت، ئێمە کاندیدی ژمارە ٢٢ لە بازنەی ٣ دکتۆر ئەشواق جاف-مان هەیە، کە یەکێکە لە پەرلەمانتارەکانی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق و، بە ئەزموونی خۆی سەلماندوویەتی کە نەك تەنیا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو عێراق پەرلەمانتارێکی لێهاتوو و بەتوانا و دڵسۆزە. لێرەوە داوا لە سەرجەم ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەماوەری نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی ئەم دەڤەرە دەکەم، لە سەرجەم بازنەکان، لە ڕۆژی ١٠/١٠ لە کەرنەڤاڵێکی جەماوەریدا، بڕۆنە سەر

سندوقەکانی دەنگدان و دەنگ بە بەربژێرەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن، کە بەئەزموون و بەتوانان و، لە ڕابردووشدا سەلماندوویانە پەرلەمانتاری بەجورئەت و پڕ زانیاری و دڵسۆزن بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی هاووڵاتیان. هەڵەبجەییەکان یەکەمین قوربانیی شۆڤێنییەت و ڕەگەزپەرستی و دژایەتیکردنی نەتەوەیی بوون، هەر بۆیە ئومێدمان زۆرە، ئەمجارە کاندیدەکانی پارتی تاقی بکەنەوە، بۆ ئەوەی داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی هەڵەبجە بکەن.


نوێنەرانی پارتی لە بەغدا جیاواز لە نوێنەرانی زۆر لە لایەنە سیاسییەکانی دیکە، سەرقاڵی بەرگریکردن و پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان بوون، ئەوان بەرگریکارێکی سەرسەختی قەزییەی کورد بوون و، توانییان بە خۆڕاگری و پشوودرێژییەوە، شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان بەدەست بێهێنن، لە هەرێمی کوردستانیشدا لە شەڕی داعش و قەیرانی دارایی و بڕینی بودجە و مووچە و قەیرانی پەتای کۆرۆنادا، هەر پارتی بوو کە لە ڕۆژە سەختەکاندا دەستبەرداری میللەتەکەی نەبوو و، بەرپرسیارانە سەرەڕای هەموو تۆمەت و ناوزڕاندنەکان، بەڵام فریای خەڵك کەوت و نەیهێشت زیانی گەورە بەر میللەتی کورد بکەوێت و، بە دەردی میللەتانی دیکەی ناوچەکە بچین.

پەیامی ئێمە بۆ دەنگدەرانی سنووری بازنەی ٣ لە هەڵەبجە و سەیدسادق و قەزای شارەزوور ئەوەیە، نوێنەرانی پارتی لە بەغدا ئەرکی بە پارێزگابوونی هەڵەبجەیان جێبەجێ کردو، لە ئێستاشدا ئەرکی جێبەجێکردنی خزمەتگوزاری و پێشخستنی ئەم پارێزگایە و دامەزراندنی دامەزراوەییەکانیان لەسەر شانە و، بە سەختی داکۆکی لە مافی قوربانیانی هەڵەبجە و هەموو شەهیدان دەکەن و، ئەرکی داکۆکیکردنی ماڵوێرانییەکانی دیکەی ناوچەکانیان لەسەر شانە، ئومێدیشمان زۆرە ئەمجارە هەڵەبجەییەکان دەنگ بە کاندیدەکەی پارتی بدەن و، دڵنیایان دەکەمەوە کە کار لەسەر هەموو ئەو کەیسانە دەکەن، کە تایبەت بە داواکاری و مافی ڕەوای خەڵکی ئەم سنوورەن.






# دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین ئایندەی خۆمان و منداڵەکانمان مسۆگەر دەکات



**د. ڤیان سلێمان**
سکرتێری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان

**بۆ گوڵان نووسیویەتی**

بۆ ئەوەی کورد پارێزگاریی لە پێگە و قەوارەی خۆی بکات و ئایندەی خۆمان و منداڵەکانمان مسۆگەر بێت، دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین. لەناو وڵاتێکی ناسەقامگیر و پڕ لە کێشە و ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی نائارامدا گرنگە کورد بە ویژدانەوە بڕوانێتە دوارۆژی خۆی و منداڵەکانی، دەبێت دەنگ بە کاندیدانی ئەو پارتە بدەن کە لە ڕۆژە سەختەکاندا بەجێی نەهێشتوون و لە بەرپرسیارێتی هەڵنەهاتووە و شەهید و قوربانی لە پێناو گەلەکەیدا بەخشیوە، گرنگە لەسەر سندوقەکانی دەنگدان شەڕی مان و نەمان بکەین و لە ڕۆژی ١٠/١٠ هەموومان دەنگ بە پارتی بدەین. پارتی دیموکراتی کوردستان کوردو کوردستانیانی پاراست لە هێرشی دڕندەی داعش و میلیشیاتە مەزهەبگەرا توندڕەوەکان، پارتی کلیلی سەقامگیری و چارەسەری هەموو گرفت و کێشەکانە و لە ڕابردوو ئێستاشدا بەرامبەر بەرپرسیارێتی هەڵنەهاتووە و بەرگری لە قووت و بژێوی ژیانی خەڵکی کوردستانی کردووە.

نوێنەرەکانی پارتی لە بەغدا بە سەرۆکایەتیی ڕابەری نەتەوەیی و نیشتمانی سەرۆك بارزانی وێڕای هەموو فشارەکان توانییان سەربەخۆیی بڕیاری سیاسیی هەرێم بپارێزن و هەرێمی کوردستان نەکەوێتە ژێر باری بەرژەوەندییە هەرێمایەتییەکانەوە، هەر بۆیە لە ڕوانگەی هەڵوێستەکانی پارتی و بەرنامەی سیاسیی پارتی دەتوانین بڵێین: پارتی جیاواز لە هەموو حزب و لایەنەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان لەو هەڵبژاردنەدا بەشداری دەکات، ئەرکی پارتی لە هەمووان قورسترە و ئامانجەکانی باڵا و مەزنە، چونکە پارتی خاوەنی قەزییەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی مەزنە، لە بەغداش نوێنەر و پەرلەمانتارانی کەم قسە دەکەن و زۆر کار دەکەن و، هەرگیز نەمانبینوە سازش لەسەر مافی خەڵکی کوردستان بکەن، پارتی و نوێنەرەکانی موساوەمە لەسەر مافی کوردستانیان و خاکی کوردستان ناکەن، پارتی بۆ یەکجاریش دەستبەرداری داواکاری و ئاواتەکانی گەلی کوردستان نەبووە. لە ڕابردوودا بینیمان بەهۆی دەستە و گرووپی ناو هەندێك حزب سازش لە مافە نەتەوەیی و دەستوورییەکان کرا و، لەگەڵ نەیارانی کورد پێکهاتن کرا و ڕێککەوتنی ژێربەژێر بۆ ڕادەستکردنی خاك و نەهێشتنی قەوارەی هەرێمی کوردستان کرا. پارتی بە بەرنامەیەکی نیشتمانی







فرەڕەهەند و گوتارێکی کوردستانییانە دەچێتە نێو پرۆسەکە و بە ئامانجی بونیادنانی عێراقێکی دیموکراسی فیدراڵی لەسەر بنەمای هاوسەنگی و هاوبەشی و سازان، بەرەنگاری هەموو ئەو هێزە مەزهەبی و شۆڤێنییانە دەبێتەوە کە دەیانەوێ مافە دەستوورییەکان لە کورد وەربگرنەوە و دەسەڵاتی مەرکەز بۆ هەرێمی کوردستان بگەڕێننەوە.

بۆ ئەوەی کورد تەواوی مافە دەستووری و یاساییەکانی زامن بێت و ئاوارەبوون و تەعریب و ڕاگواستن ڕاوەستێت و سیمای نەتەوەییمان نەسڕێتەوە و، بودجە و مووچەمان لێ نەبڕدرێت و سەقامگیری و ئارامیی خەڵکی کوردستان مسۆگەر بێت، دەبێت دەنگ بە بەربژێرەکانی پارتی بدەین. پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراق و ناوچەکەدا بەرگریکارێکی سەرسەختی هاووڵاتیانی کورد و کوردستانییەکانە، کاتێك مەترسی لەسەر ژیانی خەڵکی ئەم هەرێمە بوو، بە ڕابەرایەتیی سەرۆك بارزانی پێشمەرگەکانی کوردستان پارێزەرییان لە خاك و دەستکەوتەکانی ئەم نیشتمانە و هاووڵاتیان کرد.

پارتی خاوەنی دیدگاو ستراتیژیەتی دوورمەودایە و ئاڵای دیموکراتی بەرز کردووەتەوە و خاوەنی پەیامی پێکەوەژیان و ئامێزێکی پڕ لە خۆشی و ئاشتی و خۆشگوزەرانییە، خۆ ئەگەر ئێمە تەماشای توێژی ئافرەتان بکەین، ئەوا پارتی بەراورد ناکرێت لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، پارتی یەکەم پارت بوو ئافرەتی هێنایە دەرەوە و بەشداری شۆڕشی پێ کرد و لە سی ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵی سەرکردەی پێ داوە. پارتی بوو بەرگری لە شکاندنی کۆت و بەندەکانی بەردەم ئافرت کرد و زەمینە و دەرفەتی بۆیان ڕەخساند، بۆ ئەوەی بتوانن پێگەی ئافرەت وەکو پێگەی پیاوان بێت. پارتی دروشمی یەکسانی و دیموکراسی کە بەرز کردووەتەوە بە پراکتیکی کاری بۆ یەکسانی و هاوسەنگکردنی پێگەی ئافرەت و پیاو لە چوارچێوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و شکۆی مرۆڤەوە کردووە. پارتی پێناسەی ئافرەت، لە ژنێتیی ئافرەت دەردەهێنێت و، تەماشای ئافرەت وەکو هێز و ژیان دەکات و، لە چوارچێوەی بەکاڵابوون و تاپۆبوون دەریدەهێنێت و بەرزی دەکاتەوە بۆ مرۆڤێکی بەکامڵبوون و پێگەیەکی هاوبەش و بەرهەمدار و خاوەنی بڕیار و لە ناوەندەکانی بڕیار جێگای دەکاتەوە. لە سایەی پارتیدا ئافرەتان هاوشانی پیاوانن و هاوبەشی ژیانن، بۆیە دەبێت ئافرەتانی کوردستان دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن، چونکە تەنیا لە سایەی حوکمی پارتیدا داواکارییەکانی ئافرەتان جێبەجێ دەکرێت.

# پارێزەری خەڵک پارتی دیموکراتی کوردستانە هەر بۆیە خەڵکی کوردستان دەنگ بە بەربژێرەکانی پارتی دەدات



**فازڵ ڕەئووف**
ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان
**بۆ گوڵان نووسیویەتی**

هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بۆ ئێمەی کورد بابەتێکی هەستیار و چارەنووسسازە، چونکە گەلی کوردستان کە لە دێرزەمانەوە خەبات دەکات و، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی شەهید و قوربانییەکی زۆری داوە، ناکرێت لە هەڵبژاردنەکاندا ڕەچاوی لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانی نەکرێت، بە پێچەوانەوە دەبێت دەنگدەرانی کورد و کوردستانییەکان ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی خۆیان لەبەرچاو بێت و، دەنگ بەو هێز و لایەنە سیاسییە بدەن کە پارێزەری دەستکەوتەکانیانە و لە گۆڕەپانی خەباتدا ئامادەیی هەموو ڕووبەڕووبوونەوە و تەحەددایەکی هەیە، تەنیا هێزێکیش کە لە ڕابردوودا ئەمەی سەلماندووە، پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. پارتی دیموکراتی کوردستان وجوودی لە هەر شوێنێکدا بووبێت، زۆر بە جددی و دڵسۆزی پەیامی سەرۆک مسعود بارزانی جێبەجێ کردووە و بوێرانە داکۆکی کردووە لە داوا و مافەکانی گەلی کوردستان، لە خولەکانی ڕابردووش نوێنەرەکانی پارتی لە پەرلەمانی عێراق سەلماندوویانە کە بەرگریکارێکی سەرسەخت بوون لە داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان و لە پرسەکانی بودجە و مووچە و ناوچە جێناکۆکەکان و شایستە داراییەکانی کوردستان و دەیان بابەت و پرسی چارەنووسسازی دیکە، لەمەشدا پارتی سوودی لەو ژمارە زۆرەی کورسییەکانی وەرگرتووە کە دۆست و دوژمن حیسابی وردی بۆ کردووە، هەر بۆیە لەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانی عێراقدا مەبەستمانە ژمارەی کورسییەکانی پارتی نەک هەر کەم نەکات، بگرە زیادیش بکات، چونکە بەهێزبوونی پارتی لە بەغدا بەهێزبوونی قەزییەی کوردە لە عێراق.

عێراق نەک وڵاتێکی ناسەقامگیر و نائارامە، بەڵکو چەندین گرووپ و میلیشیات و هێزی شۆڤێنی وای لێیە خێروخۆشییان بۆ گەلی کورد ناوێت، هەموو ئەم هێزانەش چاویان بە پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵنایەت، چونکە دەزانن پارێزەری خەڵکی کوردستان لە عێراق پارتی دیموکراتی کوردستانە، هەر بۆیە لە پەرلەمانی عێراقدا خەڵکی کوردستان دەنگ بە بەربژێرەکانی پارتی دەدات.

ئەوەی پارتی لە حزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکە جیا کردووەتەوە، ئەو خاڵەیە کە لە پێناو قەزییەی کورد لە عێراق، نەک تەنیا حەزی لەوەیە ژمارەی کورسییەکانی پارتی لە پەرلەمانی عێراق زیاد بێت، بەڵکو حەز دەکات لە ناوچە کوردستانییەکان و ناوچەکانی دیکەی ناوەڕاست و بەغداش کورد کورسیی زیاتر بەدەست بهێنێت،

چونکە دواجار ئەوە پارتییە کۆکەرەوەی هەموانە لە بەغدا و بەرگری لە مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دەکات و، بەردەوام هەوڵی داوە یەکریزی و یەکدەنگی نێومالی کورد دەستەبەر بکرێت، کە زامنی بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستانە.

بارودۆخی عێراق و ناوچەکە و ئەو گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکەدا دەگوزەرێت، ئەوە دەخوازێت، هەموان بە سۆزەوە نەڕوانینە بارودۆخەکە، بەڵکو هەستیاریی ئایندەی قەزییەی کورد لە بەرچاو بگرین و، پێشێلکردنی مافەکانی گەلی کوردستانمان لە عێراقدا لەبەرچاو بێت، هەر لە دامەزراندنی حکومەتی عێراق و دواتر لە سەردەمی بەعس و کۆمەڵکوژیی گەلی کورد و هێرشی داعش و دژایەتیکردنی هێزە شۆڤێنییەکان کە بەردەوام ڕێگایان نەداوە ئەو خاڵانەی کە ڕێزدار سەرۆك مسعود بارزانی لە دەستووردا جێگیری کردووە، وەك خۆی جێبەجێ بکرێن، واتە ئەوان جێگای متمانە نین بۆ قەزییەی کورد، ڕێزدار سەرۆك مەسعود بارزانی و ڕێزداران نێچیرڤان بارزانی و مسرور بارزانی بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان خێروخۆشی نەك تەنیا بۆ گەلی کورد مسۆگەر بکەین، بەڵکو خێروخۆشییان بۆ هەموو گەلانی عێراقیش دەوێت، بە عەرەبی سوننە و شیعە و هەموو پێکهاتەکانی دیکەی تورکمان و مەسیحی و کەمینە ئایینییەکانی دیکەشەوە، هەموومان بینیمان سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چ پشوودرێژی و هەوڵێکی زۆر توانی هەرێم و بەغدا لێك نزیك بکاتەوە، ئەمەش هەمووی بە پاڵپشتیی سەرۆك بازرانی بوو کە وەکو مەرجەعێکی کورد لە عێراق و ناوچەکە و جیهاندا حکومەتەکان و گەلان حیسابی وردی بۆ دەکەن. ئەوەتا کێشەیەك ڕوودەدات و پرسێك دێتە پێشەوە، سەرۆك و گەورە بەرپرسانی وڵاتان دێنە هەولێری پایتەختی کوردستان و چاویان بە سەرۆك بارزانی دەکەوێت. پارتی دیموکراتی کوردستان مافی خۆیەتی حەز بکات ڕۆڵی سەرەکی بۆ ئەو خەمخۆری و دڵسۆزییە هەبێت، چونکە لەم پێناوەدا خەباتی کردووە و بە هەزارەها شەهید و بریندار و قوربانی داوە، پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی لای پارتی هێڵی سوورە و هەمووان پابەندن بە ڕاگرتنی ئەو پیرۆزییەی کە لە سەر دەستی ڕابەری کورد مەلامستەفا بارزانی چەسپێندرا.








**هیوا گەیلانی**
بەرپرسی لقی ١١ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# بەهێزبوونی پارتی لە بەغدا بە مانای زامنکردنی زیاتری مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانە

**نزیکبوونـەوە لـە وادەی هەڵبژاردنـە پەرلەمانییەکـەی عێـراق، گـوڕ و تینـی زیاتـر بـە هەڵمەتەکانـی هەڵبـژاردن دەدات، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانیش کـە لـە هاوکێشـەی سیاسـیی عێراقـدا هێزێکـی کارا و کاریگـەرە و ڕۆڵـی گـەورەی لـە داڕشـتنەوەی نەخشـەی سیاسـیی ئـەم وڵاتـەدا هەیـە، بەشـدارییەکی چالاکانـە لـەم هەڵمەتانـەدا دەکات و، بـە بـاوەڕ و متمانەبەخۆبوونـەوە، لـە ڕێـی کار و کۆششـی جددییـەوە دەیەوێت ئەنجامـی بەرچاو بـە دەست بهێنێت. لـەم بارەیـەوە هیـوا گەیلانـی بەرپرسـی لقـی ١١ی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ڕێـی گۆڤـاری گوڵانـەوە بـەم جـۆرە پەیامـی خـۆی بـۆ هەڵبژاردنـەکان خسـتەڕوو:**

پارتـی لـە هەلومەرجێکدا دامـەزرا کە کوردسـتان پێویسـتی بـە پارتێکـی پێشـڕەو و دیموکـرات و بەهێـز هەبـوو، کـە خـاوەن دیـدگا و گوتارێکـی نەتەوەیـی و سـەردەمیانە بێـت. لـەو گۆشـە نیگایـەوە بارزانـی-ی نەمـر وەکـو سـەرکردەیەکی مێژوویـی و بەئەزمـوون بیـری لـە دامەزراندنـی پارتـی کـردەوە، بـە کـردەوەش پارتـی لـە سـەرەتای دامەزراندنییـەوە بووەتـە چەتـری کۆکـەرەوەی هەمـوو نیشـتیمانپەروەرێکی ئازادیخـواز. هەروەهـا پارتـی خـاوەن گوتارێکـی نەتەوەییـە و خـۆی نەبەسـتووەتەوە بـە ئایدیۆلۆژیـای بەرتەسـکەوە. بۆیـە تـەواوی چیـن و توێـژەکان، ئاییـن و ئایینـزاکان، نەتـەوە و پێکهاتەکانـی کوردسـتان پارتـی بـە هـی خۆیـان دەزانـن. هـاوکات پارتـی لـە سـاڵانی پەنجاکانـدا ئەندامـی سـەرکردایەتی ئافرەتـی هەبـوو، لـە نـاو پارتیـدا مەسـیحی و تورکمـان و ئێـزدی و عەرەبـی نیشـتمانپەروەر ڕۆڵیـان پـێ دراوە و پێگـەی دیاریـان هەبـووە.

هـەر بۆیـە پارتـی تاکـە حزبـی کوردسـتانە کـە لـە سـەرەتای دامەزراندنیـەوە تـا ئەمـڕۆ حزبـی هەمـوو ناوچەکانـی کوردسـتان و چیـن و توێژەکانـە، تەنانـەت سـنووری کوردسـتانی عێراقـی تێپـەڕ کـرد و لـە هـەر دوو شۆڕشـی (ئەیلـوول و گـوڵان)دا کۆمەڵێـك تێکۆشـەری دیـاری پارچەکانـی تـری کوردسـتان ڕۆڵـی زۆر کاریگەریـان بینیوە. بێگومـان بـە درێژایی مێژوو هـەرکات پارتـی بەهێز بوو بێت، کـورد بەهێز بـووە









و پارتی و سەرۆك بارزانی لە ئەمڕۆدا بوونەتە ڕەمزی دۆزی ڕەوای نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، و ژمارەیەکی حیساب بۆ کراون لە هاوکێشە عێراقی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا.

ئێستاش کە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی عێراق نزیك دەبینەوە، ئەرکی هەموو پارتییەکانە شەو و ڕۆژ بخەنە سەریەك بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ و زۆرترین کورسی و داواش لە تەواوی دەنگدەرانی کوردستان دەکەین بە جیاوازی بیروڕای سیاسییان، لە پێناوی بەرژەوەندیی باڵای گەل و لە پێناوی زامنکردنی ماف و شایستە دەستووری و نەتەوەییەکان و لە پێناوی کوردستانێکی بەهێز و پارێزراودا، دەنگ بە کاندیدەکانی پارتی بدەن. چونکە گرنگە دەنگەکانمان بۆ کاندیدەکانی پارتێکی بەهێز و ڕۆئیا ڕوون بێت، واتا دەنگەکانمان بۆ کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بێت و بە دڵنیاییەوە کوردستان بە بەهێزبوونی پارتی پێگەی لە عێراق بەهێزتر دەبێت. چونکە پارتی خاوەنی کۆمەڵێك پرەنسیپی نەگۆڕە و مساوەمە لە سەر مافەکانی گەلی کورستان ناکات. هەر بۆیە دەنگدان بە کاندیدەکانی پارتی ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی بەرزە.

بێگومان لە شەری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشدا گەلی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕابەرایەتی و سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی جەنابی سەرۆك بارزانی لە جیاتی هەموو مرۆڤایەتی شەڕی گەورەترین










ڕێکخراوی تیرۆریستی جیهانیان کرد. هەروەها لە داستانەکانی پردێ و مەحموودیە و سەحێلا بۆ هەموو لایەك ڕوون بووەوە کە کوردستان لە دەستێکی ئەمیندایە. لە کۆتاییدا و ئەوەی پەیوەست بێت بە سنووری لقەکەمانەوە لەم هەڵبژاردنەدا، ئەوا بازنەی چواری سلێمانی دەگرێتەوە کە دەکاتە قەزاکانی (دووکان و ڕانیە و قەڵادزە). لەو بازنەیەدا چوار کاندید دەبێت دەربچن و ئێمە یەك کاندیدمان هەیە کە ئافرەتە بە ناوی (ناسکە عەبدوڵا) کە ژمارەکەی (٣٠)ـە و ئێمە وەك پارتی ئامادەکاریی باش و جدیمان کردووە و ئیستیجابەی جەماوەری سنوورەکەمان باش دەبینین و هیواداریـن کاندیدەکەمان دەربچێت.

# کابینەی نۆیەمی حکومەت توانی هەرێمی کوردستان بخاتە سەر نەخشەی هەوڵە جیهانییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەش و هەوا





## عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

لەبەر مەترسیی ئاسەوارە زیانبەخشەکانی گۆڕانی کەش و هەوا لە هەرێم و عێراقدا، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراق لە ڕێگەی لیژنەی باڵای تایبەت بە گۆڕانکاریی کەش و هەوا لە هەرێمی کوردستان، کە دەستەی ژینگە سەرۆکایەتی دەکات و، نوێنەری زۆرێک لە وەزارەت و دەستەکانیش ئەندامن تیایدا، توانی ئەرکەکانی هەر وەزارەت و دەستەیەك دیار بکات لە بواری کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی گازە گەرمکارەکان و خۆگونجاندنیش لەگەڵ هەندێك لە ئاسەوارەکانی گۆڕانی کەش و هەوا، هەروەها لە ڕووی پەیکەریشەوە ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندیی نیشان دا، لە سەر کردنەوەی بەشی گۆڕانکاریی کەش و هەوا لە دەستەی ژینگە وەك بەدەمەوەچوونێك بۆ ئەو بایەخپێدانە جیهانییەی کە هەیە بۆ پرسی گۆڕانی کەش و هەوا، ئێستاش ئەمە جگە لە هاندانی بەردەوامی دەستەی ژینگە بۆ هەماهەنگیی لەگەڵ ناوەندە سەرەکییەکانی تایبەت بەم پرسە گرنگە، یەکێك لەو لایەنانەش وەزارەتی ژینگەی عێراقە، کە ئەم خاڵانەی لای خوارەوە هەندێکن لە بەرهەمەکانی هەماهەنگیی نێوان دەستەی ژینگەی هەرێم و وەزارەتی ژینگەی عێراق:

١- بەشداریی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراق بە سەرپەرشتی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان لە وۆرکشۆپی ئاستی باڵای مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢١ بۆ دیارکردنی ئاستی خواستی عێراق لە بەڵگەنامەی پشکدارییە نیشتمانییەکانی عێراق.





گەر دەتەوێت یاسایەکی شەفافی نەوت و گاز لە عێراقدا دەربچێت، دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن



لەو بەڵگەنامەیەدا عێراق و هەرێمی کوردستان پابەندبوونی خۆیان ڕادەگەیەنن بۆ دیارکردنی توانا و هەوڵەکانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی کەش و هەوا بۆ ماوەی دە ساڵی نێوان ٢٠٢١ هەتا ٢٠٣٠، بە مەرجی سەقامگیریی سیاسی لە عێراقدا بۆ ئەوەی ئەم کارانە ئەنجام بدەن:

یەکەم: کەمکردنەوەی بڕی گازە دەردراوەکانی هۆکاری گەرمی بە ڕێژەی ١٪ تا ٢٪ بە هەوڵی ناوخۆیی.

دووەم: کەمکردنەوەی گازە دەردراوەکانی هۆکاری گەرمی بە ڕێژەی ١٥٪ بە هاوکاریی نێودەوڵەتی.

سێیەم: داواکردنی یارمەتیی دارایی بۆ عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بە گوژمەی سەد ملیار دۆلار بۆ ماوەی هەر دە ساڵەکە.

چوارەم: بەرهەمهێنانی بڕی ١٢ گێگاوات لە کارەبا لە سەرچاوەی وزەی خاوێنەوە.

٢- کۆبوونەوەی فراوان لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگیی لەگەڵ هەر دوو وەکیلی هونەری و وەکیلی ئیداری و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بەڕێوەبەری بەشە پەیوەندیدارەکانی وەزارەتی ژینگەی عێراق بۆ بڕیاردان لە بارەی:

یەکەم: پێویستیی کاراکردن و جێبەجێکردنی پابەندییەکانی نێو بەڵگەنامەی پشکدارییە نیشتمانییەکانی عێراق.

دووەم: بەجێهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و قەڵاچۆکردنی هەژاری و پاڵپشتیکردنی توێژ و چینە فشۆڵ و زیانلێکەوتووەکان بە هۆی گۆڕانی کەش و هەوا کە هەندێك لە ئاسەوارەکانی لە عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا دەرکەوتوون، وەك کەمئاویی و بەبیابانبوون و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و کەمبوونەوەی ڕووبەری سەوزایی.

سێیەم: داواکردن لە دەستە و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ پاڵپشیکردنی هەرێمی کوردستان بە تەکنۆلۆژیای هاوڕێی ژینگە و سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی وزەی نوێبووەوە و خاوێن.

چوارەم: سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ گواستنەوە بەرەو کشتوکاڵکردنی زیرەك و فرەچەشنکردنی ئابووری.

پێنجەم: بایەخدان بە وەبەرهێنانی ژینگەیی و زەمینەسازی و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ کۆمپانیا بیانییەکان بۆ کارکردن لە بواری وەبەرهێنانی ژینگەییدا، وەك ئەو جۆرە پڕۆژانەی کە دەبنە مایەی کەمکردنەوەی گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا، یان بە هۆیانەوە مرۆڤ دەتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئاسەوارەکانیدا، لە نموونەی ئەو پڕۆژانە:











١- پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە وزەی خۆر و ئاو و با.
٢- پرۆژەکانی دابینکردنی هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتیی بەردەوام.
٣- پرۆژەکانی تایبەت بە بینا و باڵەخانەی ژینگەیی ناسراو بە بیناکردنی سەوز.
٤- پرۆژەکانی تایبەت بە دامەزراندنی بانکی سەوز و دۆزینەوەی هەلی کار و پیشە سەوزەکان.
٥- پرۆژەکانی دامەزراندنی پارێزراوە سروشتییەکان و پاراستنی بایۆدایڤێرسیتی و فرەجۆریی زیندەوەرەکان.
٦- پرۆژە بچووکەکانی تایبەت بە لاوان و ئافرەتان لە بواری ئەو کارانەی کە ئاسەوارەکانی گۆڕانکاریی کەش و هەوا کەم دەکەنەوە.
٧- پرۆژەکانی ریسایکلینیی ئاوی قورس و پاشەڕۆکان.
٨- پرۆژەکانی سەوزکردنی شارو زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی.
٩- پرۆژەکانی پاڵاوتنی نەوت بە تەکنۆلۆژیای نوێی ناسراو بە تەکنۆلۆژیای سەوز.
١٠- پرۆژە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە بواری دابینکردنی وزەی خاوێندا.



# گرنگیی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەم خولەدا



**مەلا رەعد نووری ئۆمەربلی**

■

**کارگێڕ و وتەبێژی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان**

وەکو دیارە هەڵبژاردن ئەو مودێلەیە لە شێوازی دەسەڵاتداری، کە کەسانێك وەکو بەربژێر لە لایەن هاووڵاتیانەوە هەڵدەبژێردرێن، بۆ پەرلەمان، یان هەر پۆستێکی دیکەی وڵات، ئەمەش مۆدێلێکی نوێیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنی، یان دیموکراتی، ئەویش لە پێناو خۆشگوزەرانیی هاووڵاتیان و فەراهەمکردنی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی، بەڵام لە وڵاتی عێراقدا کە هەمەچەشنی و فرەئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی هەیە، ئەم جۆرە لە دەستاودەستکردنی دەسەڵات هەستیارییەکی زیاتری هەیەو، بابەتەکە شەڕی مانەوە و پارێزگاریکردنە لە ناسنامە و زمان و خاك، ئەم شەڕە چارەنووسسازەش، کەسی شیاو و بەرپرسیاری دەوێت.

لە سەردەمی ڕژێمی بەعس و پێش ئەویش، بە بەردەوامی و بێ پچڕان، لە ژێرناوی جۆراوجۆردا ستەم لە میللەتی کورد کراوە، هەر لە ئەنفال و کیمیاباران کردن و کۆڕەو بگرە، تا ڕاگواستن و نیشتەجێکردنی زۆرەملێ و، زیندەبەچاڵ و تەعریبکردن و بەجاریە کردنی ژن و کچەکانمان، هاوکات حەڵاڵکردنی ماڵ و سامانی کورد بۆ عەرەب، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیشەوە تائێستا، شەڕ و ئاژاوە بەردەوامیی هەیە، بەتایبەتی بەغدا، کە بە هەموو جیاوازییە ئایینی و مەزهەبییەکانەوە،

کۆکن لەسەر دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان بە حکومەت و هاووڵاتییانەوە، هەر لە برینی بودجە و مووچە، تا گەیشتە ناردنی هێزی سەربازی، دەستیان چووە خوێنی پێشمەرگە و هاووڵاتیانی کوردستان و، داگیرکردن و بە تاڵانبردنی سەروەت و سامانی کورد.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە بیڵێم، ئەوەیە کە بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنە، بە واجبی شەرعی و نیشتمانی و مۆدێلی سەردەمییانەی حوکمڕانی دەزانم و، وەك چۆن لە سەردەمی خەباتی شاخدا و لەکاتی شۆڕشەکاندا یەك (فیشەك) زۆرگرنگ بوو بۆ پێشمەرگەیەك، لە ئێستاشداو بەتایبەتی لەم هەڵبژاردنەدا، یەك دەنگ ئەوها گرنگە و، دەکرێت بە دەنگی دەنگدەرێك کاندیدێك سەربکەوێت و، نوێنەرێك بچێتە سەنگەری داکۆکیکردن لە سەروەرییەکان، کەواتە مەڵێ بە دەنگی من هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، نەخێر دەنگی تۆی بەڕێز زۆر گرنگە و، دەکرێت کورسییەکی پەرلەمان یەکلا بکاتەوە.

هەڵبژاردن لە نێو هاوەڵانی پێغەمبەریشدا (د.خ) هەبووە، لەدوای وەفاتی ئیمام ئەبوبەکری سدیق (خ.ر) لە نێو چەند سەحابەیەکدا ئیمامی عومەر (خ.ر) هەڵبژێردرا بۆ وەرگرتنی خەلافەت و، هەروەها ئیمامی عوسمان و ئیمامی عەلی (خ.ر) بە شێوەی هەڵبژاردن بوون بە خەلیفە، کەواتە هەڵبژاردن نەك هەر ڕێگەپێدراوە، بەڵکو زۆر گرنگیشی پێدراوە، بە مەرجێك بە شێوەیەك ئەنجام بدرێت، کە دوور بێت لە ئاژاوە و پێشێلکردن.

بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێم: بۆ ئەوەی دووبارە کەرکوکمان بە داگیرکراوی زەلیل نەبێت و کارەساتی دەستدرێژیی ناموسمان لە دووز دووبارە نەبێتەوەو، بودجە و مووچەی فەرمانبەر و هاووڵاتیی هەرێمی کوردستان نەبڕدرێت، بۆ ئەوەی چیتر پێشمەرگە قارەمانەکانمان شەهید نەبن، ویژدانت ئاسوودە بکە و، بڕۆ دەنگی خۆت بدە بەو کەسانەی کە کوردپەروەرن و، لە خەمی مافی کورد و کوردستاندان، دەنگ بدە بە لیستی سەرۆك بارزانی، کە لیستی پێشمەرگە و کوردایەتییە.






# خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان دەنگ بە کاندیدانی پارتی دەدەن



کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، خۆیان بۆ خزمەتکردنی زیاتر بە دۆزی کورد و پاراستنی دەستکەوتەکان و نەهێشتنی پێشێلکارییە دەستوورییەکان ئامادە کردووە، هەوڵ دەدەن، جارێکی دیکە بە دیالۆگی جددی لەگەڵ هەموو لایەك، کار بۆ چەسپاندنی ئاشتی و پێکەوەژیان و سەقامگیری بکەن و مافە دەستوورییەکانی گەلەکەمان و مافی ڕەوای دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان مسۆگەر بکەن و کۆتایی بە سزا و هەڕەشەکانی سەر کوردستان بهێنن، هاوکات خانەوادە و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدانی ڕێگەی رزگاری کوردستان، جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە سایەی سەرکردایەتیی حەکیمانەی سەرۆك بارزانی و خۆنەویستی و بەرخۆدانی پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ئێستادا پیلانی سڕینەوەی قەوارەی سیاسیی کوردستان پووچەڵ کراوەتەوە و لێرەوە بەڵێن دەدەن کە دەنگەکانیان بۆ کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بێت.

گوڵان: کۆمەڵایەتی




**دەنگدان بە کاندیدانی پارتی، دەنگدانە بە خوێنی شەهیدان، دەنگدانە بە پێشمەرگە قارەمانەکان، دەنگدانە بەوانەی خۆناچەمێنن**





شەهلا ساڵح کچی شەهید:

## پارتی دیموکراتی کوردستان حزبێکە فرەبیر و فرەئایین و فرەنەتەوەیە

من وەك کچە شەهیدێك لە پەیڕەوانی ئایینی کریستیان لەبەر چەند هۆکارێك دەنگم بۆ کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لەوانە:

١- تاکە حزب و بیرو ڕایە لە کوردستان لەسەر هێڵێکی ڕاست کار دەکات، کە هێڵی کوردایەتییە.

٢- ڕێبازی باوکمە نامەوێت بێ بەری بم لە ڕێبازی باوکم و لە ڕێگەنیشاندەرەکەم کە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

٣- تاکە حزبە کە جێگەی باوەڕ و متمانەیە بۆ هەموو کوردێکی دڵسۆز، مێژوو شاهیدە کە بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان پێشەنگن بۆگەلی کورد و پاراستنی سەروەرییەکانی گەلی کورد، پارتی دیموکراتی کوردستان حزبێکە فرەبیر و فرەئایین و فرەنەتەوەیە، هەمووشمان لە ژێر یەك ئالاو لە ژێر فەرمانڕەوایی یەك ڕێبەر کۆبووینەوە، بۆیە دەنگدان بە پارتی دەنگدانە بە پێکەوە ژیان و ئارامی و ئاوەدانی.



هێرش غەریب برای شەهید:

## کاندیدانی پارتی بە باشترین و ڕاستترین نوێنەر دەزانم نوێنەرایەتیم بکات

من وەك برای شەهیدی ڕێگای ڕزگاری کوردستان خۆشحاڵم بە پارتی بوونم، پارتی دیموکراتی کوردستان پارتێکی نیشتمانی و نەتەوەییە هەر لە ساتەوەختی دامەزراندنیەوە تاوەکو ئەمڕۆ خەبات و تێکۆشانی بۆ ڕزگاری نەتەوەیی کورد بووە.

بە خۆشحاڵییەوە لەسەر دەستی پارتی و بە رابەرایەتی بارزانی باوك چەندین دەستکەوتی بۆ گەلی کوردستان بەدەست هێناوە، لەوانە بەیاننامەی ١١ی ئازاری مێژوویی کە گەورەترین ڕژێمی دیکتاتۆری ئەو سەردەمەی هێنایە سەر چۆك و دانی بە بەشێکی زۆری مافەکانی گەلی کورد دانا، بۆیە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە باشترین و ڕاستترین نوێنەر دەزانم کە نوێنەرایەتیم بکات لە بەغدا بۆیە دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم.



ئێریڤان ئەکرەم خوشکی شەهید زێرەڤان:

## بەشداریکردنی گەلی کورد لە دەنگدان بۆ بەهێزترکردنی سەنگ و پێگەی کوردە لە بەغدا

پرۆسەی هەڵبژاردن یەکێکە لە پرۆسە دیموکراسییەکان و لەسەر هەموو تاکێکی کوردی نیشتمانپەروەر پێویستە لە رۆژی دەنگداندا بە دڵسۆزییەوە سەردانی بنکەکانی دەنگدان بکەن و دەنگی خۆیان بدەن بەو پارت و لایەنەی کە بە نوێنەری مافەکانی خۆیانی دەزانن. ئەم هەڵبژاردنە گرنگییەکی زیاتری هەیە چونکە بۆ داواکردنی مافەکانی گەلی کوردە لە پەرلەمانی عێراق، لەبەر ئەمەشە بەشداریکردنی گەلی کورد لە دەنگدان بۆ بەهێزترکردنی سەنگ و پێگەی کوردە لە بەغدا، ئێمە وەك خانەوادەی شەهید (زێرەڤان) یەکەمین شەهیدی پێشمەرگە لە کوبانێ، هەروەك چۆن لە کاتی جەنگ بە گیانمان ئامادەبووین و خوێنمان رشت لە پێناو پاراستنی مافی گەلی کورد، ئێستاش لە هەڵبژاردندا بە چوونمان بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگدانمان بە پارتی دیموکراتی کوردستان و کاندیدەکانی پارتی بەڵێن و دڵسۆزیمان بۆ گەلی کورد و پارتەکەمان نوێ دەکەینەوە، داواکارم لەهەموو گەنجانی کورد کە ئەم ساڵ مافی دەنگدانیان هەیە لەم ماوەیەی کە لەبەر دەستدا ماوە برۆن بۆ وەرگرتنەوەی کارتی بایۆمەتری تاوەکو لە دەنگدان بێبەش نەبن.








**هندرێن عەوڵا مستەفا کوڕی شەهید:**

## من وەکو کوڕە شەهیدێکی دەستی تیرۆر دەنگ بە کاندیدانی پارتی دەدەم

لەبەرئەوە دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، چونکە پارتی تاکە حزبە کە بتوانێت لە بەغدا دیفاع لە مافە رەواکانی تاکی کورد بکات و نەهێڵێت ئەو یاسایانە تێبپەڕێنن کە دژی گەلەکەمان دایان دەڕێژن، وەك بینیمان لە رابردوودا زۆرجار شۆڤێنییەکان دژایەتی هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانیان کردووە، بەداخەوە بەرنامەی ئەوەیان هەبووە ئەو قەوارە یاسایی و دەستوورییەشمان هەڵبوەشێننەوە کە بە خوێنی هەزاران رۆڵەی ئەم گەلە خێر لە خۆنەدیوە دروست بووە، من وەکو کوڕە شەهیدێکی دەستی تیرۆر دەنگ بە پارتی و ئەو کاندیدانەش دەدەم کە پارتی کاندیدی کردوون، چونکە دڵنیام پارتی کەسی بە توانا و لێهاتوو وەك هەمیشە دەنێرێتە بەغدا بۆ نوێنەری راستەقینەی تاکەکانی ئەم هەرێمە.



**ئاراز جەوهەر کوڕی شەهید:**

## پارتی لە پێناو نەتەوەکەی هەوڵی یەک هەڵوێستی و کۆدەنگی دەدات

ئێمەی کوڕی شەهید و خانەوادەی شەهیدان دەنگمان بۆ پارتی و سەرۆك بارزانییە، پێمان وایە تاکە حزبی نەتەوەییە خۆی بە خاوەنی دۆزی رەوای کورد دەزانێ، تاکە حزبە نەك لەسەر ئاستی کوردستان بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو عێراق کە خاوەنی سەرۆك و سەرکردەیەکە لە ناوچەکە و لە جیهانیش ناسراوە و حیسابی تایبەتی بۆ راو قسەکانی دەکرێت، پارتی دیموکراتی کوردستان حزبێکە خاوەنی دەیان دەستکەوتی مێژووییە بۆ نەتەوەکەمان، خاوەنی بونیاتنانی کابینە یەك لەدوای یەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، پارتی دیموکراتی کوردستان تاکەحزبە ئیش لەسەر دۆزی کورد دەکات لەهەرچوار پارچەی کوردستان و هەوڵی یەك هەڵوێستی وکۆدەنگیی سەرجەم حزبەکان دەدات لە پێناو نەتەوەکەمان.



**جان فیلار دری کچ و نەوەی شەهید: دەنگدان بە پارت**

بە دەنگدانمان بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان پێگەی کورد لە بەغدا بەهێز دەبێت، هەمووشمان ئەوە باش دەزانین ئەوکات کوردستان بەهێزتر دەبێت،چونکە هەر کاتێك پارتی بەهێز بێت کیشەکان چارسەر دەبن و کوردستان دەستکەوتی زیاتر دەبێت، لەبەر ئەوە دەنگدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگدانە بە ئەمرۆ و ئایندە،



بێتاوان ئەحمەد حەوێز کوڕی شەهید:

## دەنگدانم بە پارتی ڕێز و وەفایە بەرامبەر بە خوێنی شەهیدەکانم

من وەك كوڕە شەهیدێك وەك هەمیشە لەسەر ئەو ڕێبازە بەردەوامم كە بە خوێنی باوكم و برام و دوو مامم گەشەی كردووە، دەنگم بۆ پارتییە چونكە پارتی پارتێك نییە لەژێر كۆشك و تەلارەكان دامەزرا بێت، حزبێك نییە سەركردەكەی ساردی وگەرمی و تاڵی و سوێری و خەمی ئەم میللەتەی نەچەشتبێت، پارتی خاوەن سەركردەیەكە كە هەموو واتاكانی وشەی سەركردە بە زیادەوە لەخۆ دەگرێت، خاوەن ڕابردوویكە كە بە مانای وشە قوربانیدانە بۆ میللەتەكەی خاوەن ئامانج و پرەنسیپ و پلانێكە كە خەونی هەموو تاكێكی ئەم میللەتە ستەم لێكراوەیە، پارتی خاوەن پلان و پڕۆژەی ڕیفراندۆمە، كە نە لە پێش ئەو نە دوای ئەو كەس هەوڵی بۆ ئەم خەونە گرنگە نەداوە تاوەكو بیكاتە واقیع، دەنگدانم بە پارتی ڕێز و وەفایە بەرامبەر میللەتەكەم بەرامبەر بە خوێنی شەهیدەكانم لەبەر ئەوە دەنگم بۆ پارتییە.







### ـــــی دیموکراتی کوردستان دەنگدانە بە ئەمڕۆ و بە ئاینده

من وەکو کچی شەهید و نەوەی شەهیدە داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەم، لە رۆژی هەڵبژاردن روو لە سندوقەکانی دەنگدان بکەن و دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن، چونکە پارتی بە درێژایی مێژوو و لە رابردوو و لە ئێستاشدا داکۆکیکارێکی راستەقینەی مافەکانی خەڵکی کوردستانە.



ئارام غەفوور هاشەزینی برای شەهید:

## بۆیە دەنگ بە پارتی دەدەم لە پاراستنی شکۆ و شەرەف و نامووسی تاک بە تاکی کورد دڵنیام

وەك برای شەهیدێك لە ڕێگەی کاندیدانی پارتیمانەوە، دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، چونکە شەهیدانمان خۆیان بەخت کرد بۆ ئەوەی شکۆی کوردستان و ئاڵامان پارێزراو بێت، ئەوان خۆیان بەخت کرد بۆ ئەوەی سەروەریی خاکی کورد و نیشتمانمان پارێزراو بێت.

بۆیە دەنگ بە پارتی و ڕێبازی پیرۆزی بارزانی دەدەم لە پاراستنی شکۆ و شەرەف و نامووسی تاك بە تاکی کورد دڵنیام

و زامنی دەستکەوتەکانە کە بەدەست هاتوون، بۆیە دەڵێم: بەڵێ، چونکە ڕەگی پارتیمان زۆر چووە بەخاکی پیرۆزی کوردستان باڵای بەرزترە لە چیا بەرزەکانی کوردستان.

لەدوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بەرگری کرد و لووتی نەیارانی لە پردێ و مەحموودیە شکاند و قەوارەی کوردستان بەرگری لێ کراو قبووڵی نەبوو خۆی بچەمێنێ، پارتی بوو بەرگری کرد لە دەستکەوتەکان.

بەڵێ، دەنگم بۆ کاندیدانی سەرۆك و پێشمەرگەیە و دەنگم بۆ کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستانە.



عیسام حەسەن برای شەهید:

## داواکارم لە هەمووان دەنگ بەو حزبە بدەین کە لەژێر هیچ فشارێک خۆناچەمێنن

من وەك برای یەکەم شەهیدی شەڕی داعش لە پارێزگای کەرکووك رائید(سەرتیپ) کە خۆێنی خۆی کرد بەقوربانی شاری کەرکووکی دڵی کوردستان، منیش یەکەم کەس دەبم کە دەنگ بەو حزبە دەدەم کە لەسەر ئەو خاکە کە برام خۆینی خۆی بۆ ڕژاند و خۆی کردە قوربانی مساوەمە ناکات، من بۆیە دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم چونکە پارتی بە درێژایی مێژوو سەروەریی زۆری تۆمار کردووە، بەرگریکاربووە هەرگیز چۆکی بۆ دوژمن دانەداوە، دەنگدان بە کاندیدانی پارتی واتە توندوتۆڵکردنی سەنگەری بەرگری و نزیکبوونەوە لە گەیشتن بە مافەکانمان و دڵنیابوون لەوەی ئاڵای کوردایەتی لە دەستێکی ئەمیندایە، ئەویش سەرۆك مەسعود بارزانی یە، من بۆیە دەنگ بەم حزبە دەدەم گەنج و لاوەکانی ئەم وڵاتە فێری بەرگریکردن لە خاك و وڵات دەکات و بیری خۆنەچەمێنن لە دڵی تاکەکانی کۆمەڵگە بەهێز دەکات و ناهێڵێت جارێکی تر کورد بە چاوی هاووڵاتی ژمارە دوو تەماشا بکرێت، لێرەوە داواکارم هەمووان پێکەوە دەنگ بەو حزبە بدەین کە لەژێر هیچ فشارێکدا خۆناچەمێنن.






## دەنگ دەدەم بەو بەربژێرانەی کە خەباتی دیموکراسی و شەڕی قوتی خەڵکی کوردستان دەکەن

بۆیە دەنگم بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانە چونکە ئێمە دڵسۆزی و پاکیی پارتیمان لە ڕابردوودا تاقی کردووەتەوە، تاکە حزبە کە هیچ کات مساوەمە لەسەر مافەکانی خەڵکی کوردستان ناکات و لەسەر هێڵێکی دروستی نەتەوەیی کار بۆ وەدەستخستنی مافەکانی گەلی کورد دەکات و هیچ کاتێك پشت لە گەلە ستەمدیدەکەی ناکات و ئامادەی هەموو قوربانیدانێکە بۆ پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمەکەمان.

پارتی جیاوازە و بەوە لە حزبەکانی دی جیا دەکرێتەوە کە ئەو حزبە لە ڕابردوو و لە ئێستادا قوتابخانەیەکی نیشتمانی بووە بۆ خەباتگێڕ و تێکۆشەرانی کورد، بە شێوەیەك لە هەر حزبێکی ئەم کوردستانەدا بەرپرسێك یان ئەندامێکیان سەربەخۆخوازو نیشتمانی بێت بەوە تۆمەتباری دەکەن کە پارتییە، ئەمەش شانازییە بۆ هەموو کەس کە بەوە تۆمەتبار بکرێت کە سەربەخۆخواز و نەتەوەیی بێت.

من وەك کوڕە شەهیدێك دەنگ دەدەم بەو بەربژێرانەی کە دەزانم لە بەغدا خەباتی دیموکراسی و شەڕی قوتی خەڵکی کوردستان و مافەکانی من دەکەن، کە ئەوەش تەنیا لە بەربژێرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەیبینم .






# هونەرمەندان دەنگ
# بە کاندیدانی پارتی
# دیموکراتی کورستان دەدەن



پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کردووە و کادر و ئەندامانی پارتی لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆك بارزانی، کە داوای کردووە بانگەشەکان بە ئارامی بەڕێوەبچن، دەستیان بە بانگەشەی هەڵبژاردن کردووە، بەڕێوەچوونی بانگەشەیەکی هێمن و دیموکراسییانە، وا دەکات هاووڵاتیان زیاتر لە کارنامە و بەرنامەی کاندیدەکانی پارتی تێبگەن و، لە ڕۆژی دەنگداندا بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان.
هونەرمەندان وەك چینێکی کاریگەری کۆمەڵگە، بەم شێوەیە باس لە گرنگیی بەشداریکرن لە هەڵبژاردن و، دەنگدان بە کاندیدانی پارتی دەکەن.











هونەرمەند قادر ئەسعەد:

## بۆ وەدیهێنانی مافە سەرەتایی و چارەنووسسازەکان بەشداربە لە هەڵبژاردن

مرۆڤ ئەگەر بیەوێت لە ژیانی خۆیدا پیادەی خەباتی دیموکراسی بکات و، لە چەمکەکانی ئەو خەباتەدا قووڵ ببێتەوە، ئەوا بێگومان بەشداریکردنی لە هەڵبژاردندا هەنگاوێکی هەرە گرنگ و پڕ بایەخ و چارەنووسسازە، بۆ خەباتکردن و سەرخستنی پرۆسەی دیموکراسی.

بەشداربە تاوەکو دەنگت سەنگ و ڕەنگی خۆی هەبێت بۆ وەدیهێنانی مافە سەرەتایی و چارەنووسسازەکان، بۆ ئەوەی بەشێك بیت لە گۆڕانکاری و دەستاودەستکردنی دەسەڵات و ژیانێکی شکۆمەندتر.



هونەرمەندی شێوەکار غازی شینە:

## پارتی لەهەر شوێنێک بێت، خزمەتگوزاری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و شارستانی بەرەو پێش دەچێت

پارتی دیموکراتی کوردستان حزبێکی ١٠٠٪ خاکی و هەڵقوڵاوی ناخی جەماوەرە و، تێکۆشانی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد و کوردستانە، لە هەر پارچەیەکی کوردستانیش پێویست بێت، پارتی هاوکار و یارمەتیدەرە بۆ بەرەو پێشچوونی دۆزی کورد، لە ناوخۆش هەر شوێنێك پارتی لێبێت، خزمەتگوزاری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و شارستانی بەرەوپێش دەچێت، پارتی هیچ کات سازشی لەسەر خاك و کەرامەتی کورد و کوردستان نەکردووە و، شۆڕشێکی گەورە و دەریایەك خوێنی لە پێناو کەرکووکی دڵی کوردستاندا داناوە،لەم هەڵبژاردنەشدا بۆ ئەوەی پارتی هێزی یەکەم بێت و، داکۆکی لە مافی گشت چین و توێژەکان و هونەر و داهێنان بکات، دەنگی خۆمان بە کاندیدانی پارتی دەدەین.

**هونەرمەند شەڤگەر هۆڤاك:**

# تا پارتی حزبی یەكەم بێت، كوردستان بەهێزتر و ئارامتر دەبێت

پێشمەرگە و سترانبێژی ناودار (شەڤگەر هۆڤاك)، لە دوای تەمەنێك لە خزمەتی هونەر و نیشتمان و، بڵاوكردنەوەی دەیان سروودی نیشتمانی و گۆرانیگوتن بۆ پارتی دیموكراتی كوردستان، لە پەیامێكدا داوا لە هاونیشتمانیان دەكات، كە لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی عێراقدا، بچنە سەر سەندووقەكانی دەنگدان و جارێكی دی دەنگ بدەن بەو حزبە كاریگەرەی لە هەموو عێراقدا پێشەنگە، چونكە تا پارتی حزبی یەكەم بێت، كوردستان بەهێزتر و ئارامتر دەبێت.

شەڤگەر لە كۆتایی پەیامەكەشیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەكات، كە هیچ هێزێك نییە بەقەد پارتی دیموكراتی كوردستان، خزمەتكاری میللەت و زمان و هونەر و كولتووری خۆی بێت.









هونەرمەند سەیران ئەحمەد:

## دەنگ بەو کاندیدانە بدەن کە بەرگری لە مافەکانی کورد دەکەن لە بەغدا

بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا زۆر گرنگە، چەندی نوێنەری کورد زیاد بێت، مافی کورد زیاتر بەدەست دێت و، زیاتر لە ئایندەی خۆمان و وڵاتمان دڵنیا دەبین، بۆیە من دەڵێم بەشداریکردن لە هەڵبژاردن زور گرنگە.
بۆ ئەوەی ویژدانی خۆشمان ئاسوودە بکەین، دەبێ دەنگ بەو کاندیدە، یان ئەو حزبە بدەین کە شایەنی ئەو متمانەیەی ئێمەیە و، دەتوانێت مافەکانی گەلی کورد بپارێزێت و بەرگرییان لێ بکات، چونکە ئەم هەڵبژاردنە جیاوازە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێم، بەڵکو بۆ چەسپاندن و دەستخستنی مافەکانی گەلی کوردستانە لە بەغدا.




شاخەوان مستەفا:

## دەنگ بە لیستی پارتی دەدەین، چونکە تەنیا ئەو بە داکۆکیکاری هونەر و هونەرمەندان دەزانین

لە پێناو پاراستنی هونەر و کولتوور و داهێنان لە سەرجەم بوارەکانی هونەردا، دەنگ بە لیستی پارتی دەدەین، چونکە تەنیا ئەو بە داکۆکیکاری هونەر و هونەرمەندان دەزانین.
بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد و داکۆکیکردن لە هونەر و زمان و کولتووری کوردی، ئێمە دەچینە سەر سەندووقەکانی دەنگدان و، کاندیدانی پارتی لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی عێراقدا، وەك نوێنەری خۆمان لە بەغدا هەڵدەبژێرین و، گشت مافە ڕەواکانی میللەتەکەمان دەگێڕینەوە و، پرۆسەی هەڵبژاردنیش بە باشترین ڕێگەی دیموکراسی دەزانین، تا بتوانین بەرگری لە زمان و هونەری خۆمان بکەین.





**شارەزا و ڕەخنەگر لە بواری سینەما هونەرمەند پشتیوان عەبدوڵا:**

# پارتی دڵنیایە هەر لە پلەی یەکەمدا دەبێت

هەڵبژاردن پرۆسەیەکی گرنگی دیموکراسییە، خولی ئەمساڵی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵیش، لە کاتێکی زۆر دژوار و ئاڵۆزدا بەڕێوە دەچێت، تێیدا ناوچەکە بە قەیرانی جۆراوجۆری سیاسی و ئابووری و سەربازی و ئەمنیدا تێدەپەڕێت.

سەرکردایەتیی سیاسیی پارتی، زۆر بە وریایی و سیاسەتێکی حەکیمانە و متمانەیەکی گەورەوە، بەشداری لە پرۆسەکەدا دەکات، پارتی لەوەش دڵنیایە کە هەر لە پلەی یەکەمدا دەبێت، بۆیە بە بڕیاری سەرکردایەتی و سەرۆك بارزانی، پارتی زۆر بە هێمنی و ئارامی و مەدەنییانە، بانگەشە بۆ کاندیدانی دەکات.

ئەم متمانە بە خۆ بوونەی پارتی لە خۆڕا نییە، بەڵکو بە دوو خاڵی بنەڕەتیی گرنگەوە پابەندە، یەکەم ئەو ئاوەدانی و گەشەسەندنەی حوکمڕانیی پارتی بەدەستی هێناوە و دەبیندرێت، دووەم ئەو بنکە فراوانە جەماوەرییەی کە پارتی هەیەتی و، هەوادار و لایەنگری لە تێکڕای نەتەوە و ئایین و ڕەنگە جیاوازەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش هەیە، ئەوەش هەڵقوڵاوی ڕێبازێکی مەزنە کە ڕێبازی مستەفا بارزانی‌یە، ئەمەش وا دەکات هەمووان بە متمانەی تەواوەوە دەنگ بە کاندیدەکانی پارتی بدەن.






# وەرزشکاران دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەن

وەرزشوانانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، لە چاوەڕوانیی هاتنی ڕۆژی ١٠ی مانگدان، بۆ ئەوەی بە پەرۆشییەکی زۆرەوە، بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان، بۆ سەرخستنی کاندیدانی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، تا ببنە هەوێنی سەرکەوتنی لیستەکەیان، ئامانجی وەرزشوانان لە دەنگدان بۆ کاندیدانی پارتی، بۆ ئەوەیە، شەڕی بەدەستهێنانی مافە وەرزشییەکانیش، وەکو هەموو مافەکانی دیکە لە ئەستۆی پارتیدا بێت لە بەغدا، وەرزشوانان دەیانەوێ ئەمجارە پارتی پاکێجی وەرزشیش بکاتە پاکێجێکی گرنگ لەگەڵ بەغدا، بۆ ئەوەی لە گشت ڕوویەك مافی خوراوی وەرزشکارانی کوردستان وەربگرێتەوە، بۆیە وەرزشڤانان ئەمجارە دەیانەوێ جیاواز بن لەم هەڵبژاردنە و شەڕی دەرچوونی زۆرترین کاندید بۆ لیستی پارتی ئەنجام بدەن.

ئا: کارزان کانەبی




بۆ داهاتوویەکی باشتر و وڵاتێکی ئارام و خۆشگوزەران،
پارتێکی بەهێز هەڵبژێرە...
٤٧
کاندیدی ژمارە
پارێزگای
نەینەوا
بازنەی (٥)
کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان
خالید عەزیز عەلی قادر
تەلەعفەر — زومار


بۆ داهاتوویەکی باشتر و وڵاتێکی ئارام و خۆشگوزەران،
پارتێکی بەهێز هەڵبژێرە...
٨٣
کاندیدی ژمارە
پارێزگای
نەینەوا
بازنەی (٦)
کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان
عودەی سابور محەمەد راشدی
بەری راستی قەزای ناوەندی موسڵ





## شەرمین فازیل
یاریزانی تۆپی فوتساڵ:

### بۆ پێشخستنی وەرزش، دەنگ بە بەربژێرانی پارتی بدەن

ئێمەی وەرزشوانان بۆیە دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین، چونکە ئاسودەین، لەبەر ئەوەی لە کوردستان، کە پارتی هێزی یەکەمە، ئەمن و ئاسایش بەرقەرارە، بۆیە هەمیشە پاڵپشتیی کاندیدانی پارتی دەکەین، بۆ سەرخستنی ئەو لیستە، هیوادارم هەموو وەرزشکارێك دەنگ بدات بە بەربژێرانی پارتی، بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕێگەی ئەوانەوە وەرزش پێش بخەین، داوکاریشین لە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە چوونە بەغدا،گرینگی بە وەرزش بدەن و لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە یارمەتیی وەرزشوانان بدەن.



## نێچیرڤان پاشا
یاریزانی تۆپی پێ لە سنووری ناحیەی خەلیفان:

### پارتی تاکە حزبی کوردستانە کە جێگای باوەڕە

ئێمە وەك زۆربەی وەرزشکارانی کوردستان، دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین، چونکە پارتی تاکە حزبی کوردستانە کە جێگای باوەڕ و پارێزەری سەقامگیری و ئارامی و خۆشگوزەراننیە، بۆیە هەمیشە بە هەموو هێزی خۆمان پاڵپشتیی کاندیدانی پارتی دەکەین، بۆ سەرخستنی ئەو لیستە، هیوادارم وەرزشکاران دەنگ بە لیستی خۆیان، لیستی پارتی بدەن، بۆ زیاتر خزمەتکردنی وەرزش و بەرەوپێشچوونی زیاتری وەرزش، داوکارم لە کاندیدە بەڕێزەکان، بەمتمانەی تەواو و ڕاستگۆیانە کاربکەن بۆ وەرزشکاران و، خەمێکی جددی لە وەرزشی کوردستان بخۆن و، شەڕی بەدەستهێنانی مافە وەرزشییەکانیش بکەن لە بەغدا.



## خەسرۆ هەرکی
یاریزانی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر:

### پەرلەمانتارانی پارتی خاوەنی دۆز و داواکارییەکانی خەڵکن

وەکو وەرزشکارێکی کوردستان دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، تا لە بەغدا ڕێگە نەدەن وەرزشی کوردستان پشتگوێ بخرێت و، شەڕی بەدەستهێنانی سەرجەم مافە وەرزشییەکانمان لەوێ بۆ بکەن، پەرلەمانتارەکانی پارتی لە رابردووشدا سەلماندوویانە کە هەر ئەوان خاوەنی دۆز و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستانن، داوکارم لە کاندیدە بەڕێزەکان، با چاویان هەمیشە لە سەر وەرزشی کوردستان بێت و، هیوادارم کاندیدەکانی پارتی لە بەغدا خەمی وەرزش، لە پێشینەی کارەکانیان بێت، بۆ باشتربوونی ئەم دۆخەی وەرزش.



دێرین فەهری یاریزانی یانەی سنوور:

## بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستانیان پاڵپشتی کاندیدانی پارتی دەکەین

ئێمە دەنگمان بۆ کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، چونکە قەوارەی هەرێمی کوردستانیان پاراستووە، بۆیە هەمیشە پاڵپشتی کاندیدانی پارتی دەکەین، بۆ سەرخستنی ئەو لیستەی کە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستان شەونخوونی دەکێشێت، پارتی لە خولی پێشووشدا یەکەمی سەر ئاستی عێراقیش بووە، هیوادارم لە داهاتوودا زیاتر گرینگی بە وەرزش و گەنجان بدرێت، بۆ ئەوەی کوردستان زیاتر بەرەوپێش بچێت لە هەموو بوارەکاندا، داواکاریمان وەکو وەرزشکاران ئەوەیە، ئەو کەم و کورتییانەی لە وەرزشی کوردستان هەیە، پڕی بکەنەوەو شەڕی مافە وەرزشییەکانمان لە بەغدا بکەن.



خەندە فکری یاریزانی تۆپی پێ لە قەزای سۆران:

## دەنگ بە کاندیدەکانی پارتی بدەن بۆ ئەوەی وەرزش لەم دۆخەی ئێستا ڕزگاری بێت

بۆیە دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، چونکە ئەو ئاسوودەیی ژیان و بەرقەراریی ئەمن و ئاسایشە لەسایەی حوکمڕانیی ئەوانەوەیە، هەمیشە پاڵپشتیی کاندیدانی پارتی دەکەین بۆ سەرخستنی ئەو لیستە، هیوادارم وەرزشکارانی کوردستان دەنگ بە پارتی بدەن، بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕێگەی ئەوانەوە وەرزش پێش بخەین و وەرزش لەم دۆخەی ئێستا ڕزگاری ببێت، هیوادارم لە ڕێگەی پەرلەمانەوە کارەکان باشتر بکرێت، بۆ سەرجەم چین و توێژەکان بەگشتی، وەرزشوانان بەتایبەتی، چونکە ئێمە لە وەرزشیشدا لەلایەن بەغداوە مافخوراوین.




**لە پێناو ڕێگرتن لە هەژموون و هەڕەشەی میلیشیا لە یاسادەرچووەکان بۆ سەر دەوڵەت و هاووڵاتییان، دەنگمان بۆ کاندیدانی پارتییە**



## بێجان ئیبراهیم

ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی هەولێر:

## چاوەڕوانی کاری گرنگ لە نوێنەرانی پارتی دەکەم

بۆیە دەنگ بە نوێنەرەکانی پارتی دەدەم، چونکە پارتی تاکە حزبە کە پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی گەلەکەمان دەکات، هەروەها ئامانجی کارکردنیشی ڕوونە، کە خزمەتکردنی خەڵکی کوردستانە، بەگشت پێکهاتە جیاوازەکانەوە، دەنگدان بە پارتی دەنگدانە بە ئایندەی گەلەکەمان و پێشکەوتن و ئارامی و خۆشگوزەرانی. لێرەوە داوا لە سەرجەم وەرزشکارانی کوردستان دەکەم، دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن، چاوەڕوانی کاری گرنگ لە نوێنەرانی پارتی دەکەم.



## موسا موحسین

جێگری سەرۆکی یەکێتیی پایسکیلسواریی عێراق:

## جەنابی سەرۆک بارزانی ڕێگا نادات، ئیرادەی میللەت بکەوێتە ژێر دەستی بێگانە

وەك وەرزشکارێك، دەنگ بە کاندیدەکانی پارتی دەدەم، چونکە جێگەی متمانەن و لە بەرپرسیارێتی ڕاناکەن، پارتی هەردەم داکۆکیی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان کردووە و، لەو پێناوەشدا بەردەوام قوربانی دەدات و، هەمیشە هەوڵ دەدات پارێزگاری لە دەستکەوتەکان بکات، جەنابی سەرۆك بارزانی هیچ کات ڕێگا نادات ئیرادەی میللەت بکەوێتە ژێر دەستی بێگانە. داوا لە سەرجەم وەرزشوانان و وەرزشدۆستان دەکەم، دەنگ بە کاندیدەکانی پارتی بدەن، چاوەڕوانی کاری باش لە کاندیدانی پارتی دەکەم و، سەرجەم کاندیدەکان جێگەی متمانەی گەلن.



## عەبدولقادر نورەدین

ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراق بۆ پایسکیلسواری:

## دەنگدان بە پارتی دەنگدانە بەئارامی

پارتی دیموکراتی کوردستان تاکە حزبە، مافی نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکان، دەپارێزێت و، لە ژێر چەتری پارتیدا هەمووان بەئارامی ژیان بەسەر دەبن. پارتی تاکە حیزبە، کە بەشیوەیەکی حەکیمانە مامەڵە لەگەل کێشە و گرفتەکان دەکات و، چارەسەریان دەکات، پارتی هەردەم بەرژەوەندیی خاك و گەل و نیشتمان لەپێش بەرژەوندییەکانی حیزب دادەنێت و، لە بەرپرسیاێتی هەڵنایەت. هەر بۆیە داوا لەسەرجەم وەرزشکارانی کوردستان دەکەم، کە ببنە پاڵپشت و دەنگدەر بۆ کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەنگدان بە پارتی دەنگدانە بەئارامی.









**پشتیوان شبیب جێگری سەرۆکی یانەی هەولێر:**

## پارتی لە ڕابردووشدا سەلماندوویەتی تاکە حزبە کە داکۆکی لە مافی گەلەکامان بکات

مـن وەك وەرزشـكارێكی خەڵكـی ئـەم هەرێمـە، بۆیـە دەنـگ بـە پارتـی دەدەم، چونكـە پارتـی داكۆكـی لـە مافـی وەرزشـكاران دەكات و، پاڵپشـتێكی وەرزشدۆسـتانە و حزبـی خەڵكـە و لـە نـاو خەڵكـەوە سـەری هەڵـداوە و هـەر لەلایـەن خەڵیشـەوە پشـتیوانی دەكرێـت.

جەنابـی سـەرۆك بارزانـی هـەردەم تەئكیـد لـە خزمەتكردنـی خەڵـك دەكاتـەوە و، پاراسـتنی بەهـا كۆمەڵایەتییـەكان و پارێزگاریكـردن لـە خـاك و نیشـتمان، خەمـی گـەورەی جەنابیانـە، بۆیـە دەنگـدان بـە لیسـتی جەنابـی سـەرۆك بارزانـی ئەركـە لەسـەر شـانمان.

مـن لێـرەوە داوا لـە سـەرجەم وەرزشـكاران دەكـەم، كـە بەشـداری لـەم هەڵبژاردنـە گرنگـەدا بكـەن، چونكە ئەنجامەكەی چارەنووسسازە بۆ داوارۆژی گەلەكەمـان، چارەنـووس و زامنكردنـی ئاینـدەش كەسی بەرپرسیاری دەوێت، پارتی لە ڕابردووشدا سـەلماندوویەتی تاكـە حزبـە كـە بتوانێت داكۆكـی لـە مافـی گەلەكامـان بـكات و، داوارۆژێكـی پرشنگدار بۆ خۆمـان و نەوەكانمان دابیـن بـكات.

# لەکاتی کۆکە و پژمین لە بنکەکانی دەنگداندا

ڤایرۆسی کۆرۆنا بە شێوەیەکی سەرەکی بە ڕێگای هەواوە، لە کەسێکی تووشبوو بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێتەوە، لە ڕێگای دەردراوەکانی کۆئەندامی هەناسە کە لەکاتی کۆکە و پژمین، یان تەنانەت قسەکردنیشدا بە شێوەی پڕۆشکی بچووك، بە هەوای دەوروبەری کەسی تووشبوودا بڵاودەبنەوە، کە دەگەنە دەم، یان لووت، یان چاوی کەسێکی دیکە، ئەوا ئەویش تووشی ڤایرۆسەکە دەبێت. هەرچەندە پڕۆشکەکە بچووکتر Aerosols بێت، هێندە خێراتر دەردەپەڕێت و خێراتر لە هەوادا بڵاو دەبێتەوە، بۆنموونە: لەکاتی پژمیندا تا دووریی نزیکەی ١٨٠ سانتیمەتر، یان زیاتر دەڕوات و، بۆ ماوەیەکی زۆرتر لە هەوادا بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە، پڕۆشکی کەمێك گەورە کە تیرەکەی گەورەتر بێت لە ٥-١٠ مایکرۆن، ئەوا بۆ دوورییەکی کەمتر دەڕوات و بۆ چەند خولەکێك بە هەڵواسراوی لە هەوادا دەمێننەوە، پاشان بە گوێرەی ئاستی شێداری و پلەی گەرمیی هەوا دەبن بە هەڵم. لەکاتی کۆکە، یان پژمین لە بنکەی دەنگداندا، پێویستە کە دەستەسڕ، یان کلینس بەکاربهێنرێت، ئەگەر بەردەست نەبوو، ئەوا پێویستە کە لەکاتی کۆکە و پژمیند دەموچاوت بخەیتە ناوەوەی ئانیشکت، بۆ ئەوەی پڕۆشکەکانی کۆئەندامی هەناسە بە دەوروبەردا بڵاونەبنەوە، پاشان واباشترە کە دەستەکانت بە ئاو و سابوون بشۆریت، یان پاککەرەوەی ئەلکهولی بۆ دەستەکان بەکاربهێنیت و، بۆ ماوەی ٢٠ خولەك هەموو بەشەکانی دەستی پێ بماڵیت.





# منداڵ لەگەڵ خۆتاندا مەبەنە بنکەکانی دەنگدان

لە ڕۆژی هەڵبژاردندا هەوڵ بدەن کە هەرگیز منداڵ لەگەڵ خۆتان نەبەنە بنکەکانی دەنگدان، بەڵام ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێك ناچار بوویت، ئەوا پێویستە کە خۆت و منداڵەکەت پابەند بن بە دووریی فیزیکی و، منداڵەکەت ئاگادار بکەرەوە لە بەرنەکەوتنی دەستەکانی بە ڕووەکان وەکو دەرگا و پەنجەرە و دیوار، کە لەوانەیە بە ڤایرۆس ئالوودە بووبن. بەگشتی کە منداڵان دوچاری کۆڤید١٩ دەبن، ئەوا لە زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتەکاندا نیشانەکانیان سووکن، یان هەندێك جار بێ نیشانە دەبن، بۆیە منداڵانی تووشبوو بە کۆڤید ١٩، سەرچاوەی چالاکن بۆ گواستنەوی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ گەورەکان، بۆیە پێویستە کە منداڵ هاوشێوەی گەورەکان پابەند بێت بە بەستنی ماسك، لە شوێنە داخراو و قەرەباڵغەکاندا، پێویستە کە دەستەکانی بە ئاو و سابوون بشۆرێت، یان بە پاککەرەوەی ئەلکهولیی دەست، بەر لە بەستنی ماسك، بە ڕێنمایی دایك، یان باوك، هەروەها هەرگیز نابێت کە هەمان ماسك بۆ زیاتر لە یەك منداڵ بەکاربهێنرێت. ئەو منداڵانەی کە خاوەن تەندروستییەکی باشن، ئەوا دەتوانن کە ماسکی پزیشکی Medical mask،یان ماسکی قوماش Fabric mask ببەستن، بە قەباری گونجاو کە لەگەڵ قەبارەی دەموچاریان (فیت) دابنیشێت و، هەموو لووت و دەم و چەناگەی بە تەواوی داپۆشێت بە کەمترین کەلێن لە نێوان ماسك و پێستی دەموچاودا. بەستنی ماسکی پزیشکی (ماسکی نەشتەرگەری) زیاتر بۆ ئەو منداڵانە گونجاوە کە نەخۆشیی شێرپەنجە، یان نەخۆشیی دیکەیان هەیە و بەرگریی لەشیان لاوازە.

# پاش پەنجەمۆر و دەنگدان پێویستە دەستەکانت پاک بکەیتەوە

ئەمە ڕوونە کە گەلێك نەخۆشیی میکرۆبی، یان ڤایرۆس و بەکتریای نەخۆشی، بە ڕێگای بەرکەوتنەوە دەگوزارێنەوە، ڤایرۆسی کۆرۆناش یەکێکە لەم نەخۆشییانەی کە جگە لە هەناسە، بە ڕێگای بەرکەوتنیش دەگوازرێتەوە، بۆیە پێویستە لەکاتی چوون بۆ هەڵبژاردن و بەکارهێنانی هەر کەلوپەلێکی هاوبەشی سەر بە کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن، وەك: قەڵەم و هەر پێداویستییەکی دیکە، چاودێریی وردی پاکوخاوێنیی دەستەکان بکرێت، بە مەبەستی ڕێگرتن لە گواستنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا. ئەمەش زۆر ڕوونە کە پاراستنی پاکوخاوێنیی دەستەکان، جا بەشووشتن، یان بە بەکارهێنانی پاککەرەوەی دەست Hand sanitizer، هەنگاوێکی ئاسان و کاریگەرە بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە کۆڤید١٩ و، گەلێك نەخۆشیی دیکە. قەڵەمی دەنگدانی کۆمیسیۆن هاوبەشە و زۆربەی دەنگدەران هەمان قەڵەم بەکاردەهێنن، بۆیە پێویستە کە پاش پەنجەمۆر و بەکارهێنانی قەڵەمی دەنگدانی کۆمیسیۆن، دەستەکانت بە پاککەرەوەیەك بۆ ماوەی ٢٠ چرکە بماڵیت، کە ئەلکهول لەخۆبگرێت، بە مەرجێك ڕێژەی ئەلکهول تیایدا لە ٦٥٪ کەمتر نەبێت، بۆ ئەوەی هەموو میکرۆبەکانی سەر پێستی دەست، بە ڤایرۆس و بەکتریا، لە ماوەیەکی کەمدا لەناوبەرێت و ڕێگا لە گواستنەوەیان بگرێت.







**بۆ ئەوەی لە عێراقدا هەموو نەتەوە و ئاین و ئاینزا و هزرە جیاوازەکان ئازاد بن، دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن**

# لە ڕۆژی هەڵبژاردندا ڕێکارەکانی خۆپاراستن پەیڕەو بکە، تەنانەت ئەگەر ڤاکسینی کۆرۆناشت وەرگرتبێت

ئەگەر کەسێك تەنانەت هەردوو ژەمی ڤاکسینی کۆرۆناشی وەرگرتبێت، هێشتا پێویستە کە پەیڕەوی ڕێکارەکانی خۆپاراستن لە کۆڤید١٩ بکات، چونکە هێشتا ئەگەری تووشبوونی بۆ جۆرە گۆڕاوە نوێیەکان، بەتایبەتی جۆری گۆڕاوی دێلتا لە ئارادایە. گەلێك کەس پێیان وایە کە ئەگەر هەر دوو ژەمی ڤاکسینی کۆرۆنای وەرگرتبێت، تەنانەت ئەگەر بچێتە شوێنی قەرەباڵغ بێ پەیڕەوکردنی ڕێکارەکانی خۆپاراستن، ئەوا بە هیچ شێوەیەك تووشی کۆڤید١٩ نابێت، لەڕاستیدا ئەم بیرکردنەوەیە زۆر هەڵەیە، چونکە زانا و پسپۆڕانی تەندروستی جەختیان کردۆتەوە، کە پاش وەرگرتنی هەردوو ژەمی ڤاکسینی کۆڤید، واتە کوتانی تەواو، هێشتا ئەگەری تووشبوون بە کۆڤید١٩ لە ئارادایە. لەگەڵ دەرکەوتنی جۆری گۆڕاوی نوێدا، سەربارەت بە کاریگەریی ڤاکسینە جۆراوجۆرە بەردەستەکانی کۆڤید، لەسەر جۆرە گۆڕاوە نوێیەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا هێشتا نیگەرانی هەیە. بە گوێرەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان، جۆرە گۆڕاوە نوێیەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە توانایان دایە کە خۆیان لەو مادده دژەتەنانە بە دوور بگرن، کە لە ئەنجامی وەرگرتنی ڤاکسین دروست بوون، بەمەشەوە لەکاتی تووشبوون بە کۆڤید١٩دا، چوار نیشانەی توند بەدی دەکرێن، بە شێوەی سەرئێشەی تیژ، زیادبوونی دەردراوی لووت، پژمینی بەردەوام، لەگەڵ کرانەوەی قوڕگ، هەروەها لەوانەیە کە نیشانەی دیکەش لە تووشبوودا بەدی بکرێن، وەك: گرفت لە هەناسەدا، سکچوون، ئازاری گەدە و بەشی خوارەوەی سك، هێڵنج، ماندووبوون و هیلاکیی جەستەیی توند، سەرسووڕان، ئازاری ماسوولکە و پشت ئێشە، هەروەها ونکردنی هەستی بۆن و چێژکردن. کەواتە بۆچی ڤاکسینی کۆڤید وەربگرین لەوکاتەی کە هێشتا ئەگەری تووشبوون لە ئارادایە؟ لە ڕاستیدا پێویستە کە ڤاکسین وەربگرین، چونکە کوتانی تەواو لە توندیی نیشانەکان کەم دەکاتەوە لەکاتی تووشبوون بە کۆڤید١٩، هاوکات لەگەڵ کەمبوونەوەی ئەگەری ئاڵۆزییە تەندروستییەکان، بە سووکی دوچاری دەبین.





# لەکاتی نۆبەتگرتن لە بنکەکانی دەنگدان دووریی فیزیکی بپارێزە

ئەمە ڕاستییەکی زانستیی سەلمێنراوە، کە قەرەباڵغی و لە یەکتر نزیکبوونەوە ڕێگایەکی کاریگەرە، بۆ گواستنەوەی نەخۆشییەکان، بەتایبەتی ڤایرۆسی کۆرۆنا، کە ئێستا هەموو جیهانی گرتۆتەوە و، هێشتا بنبڕ نەکراوە. بە گوێرەی ڕای شارەزایان، پێشبینی دەکرێت کە لە هەڵبژاردنی مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا، بنکەکانی دەنگدان قەرەباڵغی بەخۆیانەوە ببینن و، وەستان و نۆبەتگرتن کاتی بوێت، بۆیە پێوستە لەسەر دەنگدەران کە پەیڕەوی چەند ڕێکارێکی خۆپاراستن لە نەخۆشیی کۆڤید١٩ بکەن، بەتایبەتی پاراستنی دووریی کۆمەڵایەتی Socil distancing، یان دووریی فیزیکی، لە کاتی نۆبەتگرتن لە دەرەوە، یان لە ناوەوەی بنکەکانی دەنگدان و لەکاتی چوونە ژوورەکانی دەنگدەران. جگە لە پابەندبوون بە دووریی کۆمەڵایەتی، پێویست بە چەند ڕێکارێکی دیکەی خۆپاراستن دەکات، وەك: دوورکەوتنەوە لە بەرکەوتنی دەستەکان بە دیوار و دەرگا و هەر ڕوویەکی دیکە، بەستنی ماسکی قوماش Fabric mask لەجیاتی ماسکی پزیشکی، بەتایبەتی ئەگەر بنکەکە زۆر قەرەباڵغ بێت، هەروەها دوورکەوتنەوە لە بەرکەوتنی دەستەکان بە ماسك، یان بەشە دانەپۆشراوەکانی دەم و چاو.









# تەکنەلۆژیای نوێ و هەڵبژاردن

تەکنەلۆژیای نوێ واتە IT گشت کەلێن و قوژبنەکانی ژیانی کۆمەڵگای تەنیوەتەوە. هەڵبژاردن و ژماردنی دەنگی دەنگدەران جا بۆ هەر هەڵبژاردنێك بێت، هەتا دوو دەیە لەمەوبەر تەنیا بە بژاردنی دەنگەکان بەدەست دەکرا، دواتر کە تەکنەلۆژیای دیجیتالی گشتگیر بوو، هەڵبژاردن بە شێوەی ئەلکترۆنیش هاتە ئاراوە. ئەگەرچی شێوازی ئەلکترۆنی باشتر و ئاسانتر و خێراترە لە هەژمارکردنی دەنگەکان بە دەست، بەڵام ئەم شێوازە هەتا ئێستاش نەك لە وڵاتانی دواکەوتوو لە بواری تەکنەلۆژیاوە، بەڵکو لە وڵاتانی پیشەسازی و پێشکەوتووی وەك ئەورووپاش و ئەمریکاش جێگای متمانە نییە. هەر لە خۆڕا و بەبێ هۆش نییە کە خەڵك متمانەی بە ژماردنی دەنگەکان بە شێوەی ئەلکترۆنی نییە، چونکە وڵاتانی زلهێزی جیهانیش یەکتر بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لە ڕێگای هاککردن و دزە کردنە ناو تۆڕە ئەلکترۆنییەکان کێشەیان بۆ یەکتر دروست کردووە و ئاکامی هەڵبژاردنەکانیان بە ویستی خۆیان گۆڕیوە.. بەڵام ڕۆژێك دادێت کە تەکنەلۆژیای دیجیتالی متمانەی خۆی بەدەست دێنێ و دەنگدەر لە ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێك پاش هەڵبژاردن ئاکامەکەی بۆ دەردەکەوێت.

## ئایا دەنگدانی ئۆنلاین جێگای متمانەیە؟

فیلمێکی کۆمیدی ئەمریکی لەسەر شێوازی دەنگدان بە شێوەی ئۆنلاین بڵاو بووەتەوە، کە لەودا باس لە دزەکردنی کەسێکی شارەزا لە بواری ئایتییەوە دەکات کە سەر لە ماڵپەڕی گرنگی دەنگدان دەدات و دەنگەکان بە قازانجی خۆی دەبات. لە ڕاستیدا ئەوە فیلمە و فڕی بەسەر ڕاستییەوە نییە، لەو فیلمەدا وا دەنوێنێ کە دەنگدان بە شێوەی ئۆنلاین جێگای متمانە نییە، بەڵام دەنگدان بە شێوەی ئۆنلاین زۆر لە دەنگدان بە شێوەی دەست جێی متمانەترە. چونکە:

- تەنیا دەنگدەر دەزانێ دەنگی بە کێ داوە و کەسی دیکە نازانێت.
- لە دەنگدان بە شێوەی ئۆنلاین، دەنگەکان ناسڕدرێنەوە، یان ناسووتێن و گۆڕانیان بەسەردا نایەت و نەکەم دەکرێن و نە زیاد.
- لە دەنگدانی ئۆنلایندا ئامرازی گرنگی جێی متمانە هەم لە بواری نەرمە ئامرازەوە هەم لە بواری سەختە ئامرازەوە سوودیان لێ دەبیندرێ.
- گشت داتاکان کۆدیان لەسەر دادەنرێ.





# رۆڵی فەیسبوک لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا، لە هەڵبژاردنەکانی جیهاندا بۆ هەر مەبەستێك بێت، رۆڵی سەرەکی و بە قەولێك پشکی شێر بەوان براوە. لە ولاَتانی جیهاندا تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر ئەو رۆڵە دەگێڕێت، بەڵام لە ولاَتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا فەیسبوك لە گشت تۆڕەکانی دیکە زیاتر رۆڵی بەرچاوی هەیە.

لە هەڵبژاردنەکانی دوای ساڵەکانی ٢٠١٠ بەولاوە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، فەیسبوك هەر لە سەرەتای هەڵبژاردنەوە هەتا کۆتایی رۆڵی یەکەمی گێڕاوە. ریکلام و بانگەشەکانی هەڵبژاردن لە فەیسبوکدا زۆر بووە، لایەنەکانی رکابەر لەو تۆڕەدا بانگەشە و شەڕە قسە و دژ بەیەکتر لێدوانیان داوە. هیچ کام لەو راپرسییانەی کە لە فەیسبوکدا دەکرێن، جێگای متمانە نین و بە دڵ و ویستی لایەنێك ئەنجام دەدرێن. لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستاندا هیچ کات تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان رۆڵی ئەرێنییان نەبینیوە، چونکە هەمیشە لایەنگر و هەوادارانی لایەنەکان کارێکیان کردووە ئەو برینانەی بە شووشەی پەنجەرەی فەیسبووکەوە لە دڵی یەکتری دەگرن هەتا ماوەیەکی زۆر دوای هەڵبژاردنیش بە ساریژ نەکراوی بمێننەوە..





من أجل ترسيخ الأسس الديمقراطية الحقيقية ، صوت لمرشحي الحزب الديمقراطي الكوردستاني في بغداد الحضارة والجمال

# پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە و ئێستاش لە پرسە نیشتمانییەکانی هەرێم و عێراقدا کاراکتەرێکی گرنگە




پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕێگەی بەهێزکردنی دامـەزراوەی مۆدێـرن و بەرپرسـیار و دیموکراتـەوە، هەوڵی بەدیهێنانی مافە نیشتمانییەکان دەدات لەناو عێراق و هەرێمی کوردستاندا، لـە ڕێگـەی کارکردن لەگـەڵ دراوسـێکان و دۆسـتە نێودەوڵەتییەکانمانـدا کار بـۆ مافـە نیشـتمانییەکان بـۆ هەمـووان دەکات، بـە پابەندبـوون بـە دەسـتووری عێراقـەوە، تـا بتوانێت گرفتـە چارەسـەرنەبووەکانی نێوان هەرێمـی کوردسـتان و بەغدایـش لـە ڕێگـەی میکانیزمـە دەسـتوورییەکانەوە چارەسـەر بـکات، خەباتـی پارتـی لـە پێنـاو گەڕاندنـەوەی ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمـە، ئەویش بە جێبەجێکردنی مـاددەی (١٤٠) کـە ماددەیەکـی دەسـتوورییە، بـە ڕێگـەی: ئاسـاییکردنەوە، سـەرژمێری، ڕاپرسـی و، کۆتاییهێنـان بـە ڕەوشـی ناجـۆری ئـەو ناوچانـە و، قەرەبووکردنـەوی خەڵـک، بـۆ ئـەو مەبەسـتە ڕاو و بۆچوونـی چەندیـن هاووڵاتیانمـان لەسـەر دەنگـدان بـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان وەرگرتـووە.




**في ايام المحن والمصاعب وقفنا لبعضنا البعض، من أجل الا تتكرر المحن ومعاناة النزوح، امنحوا اصواتكم لمرشح الحزب الديمقراطي الكوردستاني في انبار الكبرياء والشموخ**





٧٥



## نارین عەبدولقادرساڵح:

# بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم

بێگومان هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیموکراسییە لە عێراق و، بەشداریکردنمان بۆ بەهێزکردنی پێگەی کوردە، چەندە کاندیدی پارتی لە بەغدا بەهێز بێت، پێگەی کورد بە هێزتر دەبێت، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان پارێزەر و داکۆکیکارە لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، بۆپاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، هەروەها پارتی هەمیشە داکۆکیکاری سەرسەختی پرسی ئافرەتە لە نێو کۆمەڵگە و کایەی سیاسیدا، هەمیشە پارێزگاری لە مافە سەرەتاییەکانی ئافرەتان کردووە، جگە لەوە پارتێکە ساڵانێکە لەسەر پرسی ستراتیژی و بە سەربەخۆبوونی کوردستان دەستەوەستان نەبووە،هەموو ڕێگایەکی گرتووەتەبەر، بۆیە ئەگەر لە ڕێگەی هەڵبژاردنیشەوە ئەو پارتە خاوەن دەنگێکی زیاتر بێت، کاریگەری لە نێو پەرلەمانی عێراق و کایەی سیاسیی عێراقدا بەهێزتر دەکات، پارتی هەمیشە پارتی یەکەم و پارتی خەڵکە بۆیە دەنگدان بە پارتی ئەرکی هەموانە، با هەموو دەنگمان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بێت.



## تاڤگە عومەر ڕەشید:

# پارتی کە هەڵگری دروشمی ئاشتییە، دەیەوێت لە ڕێگەی نوێنەرەکانیەوە دەستەبەری مافەکان بکات


هەڵبژاردن وەکو مافێکی سرووشتیی هەرهاووڵاتییەك، هاوتەریبە لەگەڵ مافەکانی دیکە و، پێویستە کە ئەم مافە بەرجەستە بکرێت، لە ئۆکتۆبەری ئەمساڵ جارێکی دی هاووڵاتیانی عێراق لە پڕۆسەیەکی دیموکراسیدا نوێنەرانی خۆیان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵدەبژێرن، پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو حزبێکی جەماوەری و خاوەنی پێگەیەکی سیاسیی بەهێز، لەسەر ئاستی عێراق بەشداری پڕۆسەکە دەکات و، ئەجنداو پلانی خۆی وەکو داکۆکیکارێکی ڕاستەقینەی مافەکانی گەلی کورد لە ڕێگەی ئەم پڕۆسە مەدەنییەوە بەکردار دەکات، پارتی کە هەڵگری دروشمی ئاشتییە دەیەوێت بە هەمان بیرۆکەوە مافەکانی گەلەکەمان لە ڕێگەی نوێنەرەکانیەوە دەستەبەر بکات، ئەوەی پەیوەستە بە سەنگ و پێگەی دەستووری هەرێمی کوردستان و مساوەمەنەکردن لەسەر ئەو ناوچانەی کە لە کوردستان دابڕاون و چەندین پرسی نەتەوەیی دیکە، کە لە خولەکانی ڕابردوو سەلماندوویانە، پارتی دیموکراتی کوردستان پێشەنگ بووە بۆ داکۆکیکردن لەم مافانەو، بەردەوام دەبێت لە بەدەستهێنانیان، بۆیە لەم ڕووەوە گرنگە کە دەنگەکانمان بۆ کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بێت، کە وەك پارتێکی سیاسیی کوردستانی، بەهێزێکی زیاترەوە بتوانێت بەرگریکاریی ڕاستەقینەی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بێت.







تعزيزا للأخوة العربية الكوردية اخترنا (الدكتور هيثم المياحي) مرشحا للحزب الديمقراطي الكوردستاني في كربلاء الحسين (ع)

بەیان تۆفیق دۆڵەمەری:

# کە بە گەلەکۆمەکێی ناوخۆیی و دەرەکی و ئەقلیمی شەڕیان هێنایە سەرمان، ئیرادەی خۆڕاگری نەیهێشت کوردستان لەناو بچێت

هەموو تاکێکی کۆمەڵگە مافی دەنگدانی ئازادانەی خۆی هەیە، لە هەرێمی کوردستانیش لەناو بازنەیەکی ئاگر بە نەیار و ناحەز، وا دەخوازێت هۆشیارانە و زۆر ژیرانە مامەڵە بەو دەنگەوە بکەین کە لە ئەستۆی ئێمەی هاووڵاتیدایە، لێرەدا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، چاوێك بە مێژووی ڕابردووی حزب و لایەنە سیاسییەکاندا بخشێنینەوە، ئیدی بە جوانی بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر لە ٧٠ ساڵ خەبات و ئەزموون و قوربانیدانی هەیە و، خاوەن مقاوەمەی پردێ و سحێلاو چەندانی دیکەیە، کە بە گەلەکۆمەکێ و خیانەتی ناوخۆیی و دەرەکی و ئەقلیمی، شەڕیان هێنایە سەرمان، بەڵام ئیرادەی خۆڕاگری نەیهێشت کوردستان لەناو بچێت و، نەیهێشت کورد بسڕدرێتەوە، هەمووشمان شاهێدی چالاکی و کاری پەرلەمانتارەکانی پارتین لە عێراق، دەشبینین حزبی دیکە و خەڵکی دیکە لە ناوخۆوە سەرقاڵی چین، بۆیە دەنگ بدەن بە نوێنەران و کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو کوردستانێکی بەهێز و ئارام و ئاوەدان و پێشکەوتوو و پارێزراو.



پەیمان تەها:

## باوەڕبوون بە پرەنسیپی هاوبەشی ڕاستەقینە و ڕێزگرتن لە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لە پێناسەی پارتیدا چڕ دەبێتەوە


مێژووی خەباتی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناو بەدەستهێنانی مافی ڕەوای گەلی کوردستان و، پرەنسیپ و ڕێکخستنێکی تۆکمە، وایکردووە کە زۆرینەی هاووڵاتیانی کوردستان لەکاتی هەڵبژاردنی نوێنەرانیاندا، کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێرن، سازشنەکردن لەپێناو مافەکانی گەلی کوردستان و دروستکردنی کیانێکی بەهێز بۆ هاونیشتمانیان، هەمیشە خەمی گەورەی سەرۆك بارزانی بووە، جیا لەمانەش حزبێك کە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە سەرەڕای چەندین گەلەکۆمەکێی نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی و، بەرزڕاگرتنی ئاڵای کوردستان و پاراستنی لە هەموو دەستێکی دوژمنکارانە، وایکردووە خەڵك بەوپەڕی متمانەوە نوێنەرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێرن، باوەڕبوون بە پرەنسیپی هاوبەشی ڕاستەقینەو، ڕێزگرتن لە نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان، لە پێناسەی پارتیدا چڕ دەبێتەوە، هەربۆیە دەبینین خول لە دوای خول نوێنەرەکانی ئەم پارتە تێکۆشەرە ڕوو لە زیادبوون دەکەن و، پارتەکەیان دەخەنە بەردەم بەرپرسیارێتیی مێژووییەوە، چونکە دڵنیان بە بەهێزبوونی پارتی، قەوارەی هەرێمی کوردستانیش پارێزراو دەبێت، بۆیە بۆ ئەوەی کوردستان پارێزراو بێت و، خوێنی شەهیدان بەفیڕۆ نەچێت و، وڵاتێکی ئارام و خۆشگوزەران بنیات بنێین، دەبێت لەم هەڵبژاردنەشدا سندووقەکانی دەنگدان پڕبکەین لەدەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان.



محەمەد عەلی یونس:

## کوتلەی پارتی سەلماندیان چەندە داکۆکیکاری سەرسەختی مافە داراییەکانی مووچەخۆرانی هەرێمن

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، دەنگ بە کام کاندید بدەین؟ لێرەوە دەتوانین بڵێین کاندیدانی پارتی باشترین بژاردەن بۆ ئەم مەبەستە، بەو هۆکارەی لەڕابرووودا سەلماندوویانە داکۆکیکاری سەرسەختی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستانن، ئەوەتا لە پرسی شەرعییەتدان بە میلیشیاکانی (حەشدی شەعبی) لە پەرلەمانی عێراق، کوتلەی پارتی دژایەتی ئەم هەنگاوەی کرد، کە لە ئێستادا ئەو گرووپانە دەیانەوێت مەترسی لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان دروست بکەن، هاوکات لە میانەی تێپەڕاندنی یاسای بودجەدا، دووبارە کوتلەی پارتی سەلماندیان چەندە داکۆکیکاری سەرسەختی مافە داراییەکانی مووچەخۆرانی هەرێمن، لە هەمان کاتدا لە ڕابردوودا هەموو کات هاوپەیمانی لایەنە کوردستانییەکانی ڕکابەری پارتی، لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان بۆ دژایەتیی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بووە، لە بەرامبەردا هاوپەیمانێتیی پارتی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان، بە مەبەستی خزمەتکردن بووە بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان، بۆیە دەنگدان بە پارتی، زامنی مافە دەستووری و یاساییەکانمان دەکات.



دلێر کەریم عەلۆ:

# یار و نەیارانی کوردیش لەهەمبەر هێز و توانایی کورد لە پارتی دەڕوانن

پارتی بە ڕێبەرایەتیی سەرۆك بارزانی ئیرادە و باوەڕی خۆنەچەماندنی هەیە و، دەتوانێت شکۆی کوردبوون بپارێزێت و شەڕی مافەکانی کورد بکات لە بەغدا، بە درێژایی مێژووی دروستبوونی پارتی تا ئەمڕۆ، وێڕای ئەوەی چەترێکی فراوان و پارێزەر بووە بۆ تەواوی ئایین و نەتەوە و چین و توێژە جیاوازەکان و پێکهاتەکانی کوردستان، هەروەها هێزێکی پۆڵایینی ئاگرین بووە بۆ بەرگریکردن لە شکۆ و شانازی و شوناسی کوردبوون و کوردستانی بوون. یەك دەستکەوتیش نییە بۆ کورد لە باشووری کوردستان بەبێ پارتی بەدەست هاتبێت، تەنانەت زۆرینەی جار یار و نەیارانی کوردیش لەهەمبەر هێز و توانایی کورد لە پارتی دەڕوانن و، کوردبوون وەکو پارتیبوون و پارتیبوونیش وەکو کوردبوون سەیر دەکەن، ئەوەی بتوانێت نوێنەرایەتیت بکات و مافەکانت بەدی بهێنێت و بەرگری لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بکات، پارتی دیموکراتی کوردستانە، بۆیە بە بێ دوودڵی پێویستە تەواوی کوردستانیان، لەسەرجەم بازنەکانی دەنگدان، دەنگ بە پارتی و کاندیدەکانی پارتی بدەین، تا لە بەغدا شەڕی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان بۆ بکەن و گەرەنتیی مانەوە و شکۆ و شانازیمان بکەن.





تجربة إقليم كوردستان في البناء والأعمار و توفير الخدمات تجربة ناجحة بكل المقاييس، لتكرار تلك التجربة لأبناء واسط الكرام، صوتوا لمرشحنا في مدينة الكوت
حيدر محمد علي





بۆ داهاتوویەکی
باشتر و
وڵاتێکی ئارام و
خۆشگوزەران،
پارتێکی بەهێز
هەڵبژێرە...



دەنگ بە پارتی
بدە، ئیدی تۆ
خاوەن قەزیەی.
بۆ داهاتوویکی
باشترو
وڵاتیکی ئارام و
خۆشگوزەران،
پارتێکی بەهێز
هەڵبژێرە...

Gulan Weekly

September 27, 2021 Issue,No.1286



# لەهەر شوێنێك پێكەوەژیان هەبێت، ئەوە پارتی لەوێ بووە.

بۆ داهاتوویەکی باشترو ولاتێکی ئارام و خۆشگوزەران، پارتێکی بەهێز هەڵبژێرە...